# کاریگەری میدیای نوێ (سۆشیاڵ میدیا) لەسەر ڕەفتاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان (ڕادەربڕین و بەشداری خۆپیشاندانەکان وەک نموونە)

پ.ی.د.کەنعان حمەغەریب*        م.ی.رضوان أبوبکر محمد**

وشە کلیلییەکان: میدیای نوێ، میدیای تەقلیدی، ڕەفتاری سیاسی، سۆشیاڵ میدیا
https://doi.org/10.31271/jopss.10118

**پوختە**

ڕادەبڕین و بەشداری لە خۆپیشاندان و گردبوونەوە جەماوەرییەکان، لەسایەی گۆڕانکارییە خێراکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری گۆرانکارییەکی زۆریان بەسەردا هات، بەشێوەیەك کە تاکی سیاسی بەشێوەیەکی خێراو ئاسان و کاریگەرتر بتوانێ ڕەفتارێکی سیاسی وەك ڕادەربڕین و خۆپیشاندانەکان ئەنجام بدات، سۆشیاڵ میدیا وەك ئامرازێکی دوو سەرە لەم نێوەندەدا کاریگەری ئەوتۆی هەبوو کە بە شێوەیەکی ئاسان لە ڕێگەی مۆبایلی زیرەکەوە (سمارتفۆن) لە چرکەیەکدا فەرمانرەواو فەرمانپێکراو دەتوانن بکەونە گفتوگۆیەکی کاراوە، هەرئەمەشە وا دەکات جەماوەر دەتوانێت ڕۆژانە ڕەفتاری سیاسی بنوێنێت و فیدباك و ڕەخنە و پێشنیارو ڕاسپاردە بداتە بەرپرسان و ئەوانیش دەتوانن سیاسەتەکانیان لە ڕێگەی بۆچونەکانی جەماوەرەوە دابڕێژن، بۆیە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەش بریتییە لە نیشاندانی ڕۆڵ و کاریگەری میدیای نوێ (سۆشیاڵ میدیا) لەسەر ڕەفتاری سیاسی کە تیایدا ڕادەربڕین و خۆپیشاندانەکان بەنموونە وەرگیراوە، لەڕێگەی گرتنەبەری هەردوو میتۆدی (میتۆدی چۆنیەتی (Qualitative Method)، میتۆدی چەندییەتی ـ ڕاپیوی(Survey Method ) بەمەبەستی ئەنجامدانی ڕاپرسی وچاوپێکەوتنەکان کەدەرەنجام توێژەر بەچەند ئەنجامێکی زانستی گەشتووە کە لەکۆتایدا خراونەتەروو.

**ملخص**

**دور وسائل الاعلام الجديدة (السوشيال ميديا) في السلوك السياسي**

**التعبر عن الرأي والمشاركة في التظاهرات كانماذج (بحث تحليلي وميداني)**

لقد تغير التعبير والمشاركة في المظاهرات والمسيرات الحاشدة بشكل كبير بسبب التغيرات السريعة

---

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی دبلۆماسییەت و پەیوەندییە گشتییەکان، کۆلێجی یاساو رامیاری، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان ـ عێراق. Kanaan.abdullah@uhd.edu.iq

** مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی دبلۆماسییەت و پەیوەندییە گشتییەکان، کۆلێجی یاساو رامیاری، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی؛ خوێندکاری خوێندنی باڵا لە زانکۆی سلێمانی، razwan.zalmi@gmail.com

في تكنولوجيا المعلومات، بحيث أصبح بإمكان الأفراد السياسيين التعبير عن سلوكهم السياسي بسرعة وسهولة وفعالية أكبر .لقد كان لوسائل التواصل الاجتماعي كأداة ذات شقين في هذه الأثناء تأثير كبير بحيث يمكن للحاكم والمحكوم أن ينخرطوا بسهولة في حوار نشط في ثانية واحدة من خلال الهواتف الذكية، مما يجعل الجماهير تستطيع كل يوم ولذلك فإن الغرض الرئيسي من البحث هو إظهار دور وتأثير وسائل الإعلام الجديدة (وسائل التواصل الاجتماعي) على السلوك السياسي الذي يتم فيه التعبير والتعبير .تم أخذ عينات العروض التوضيحية باستخدام كلا الطريقتين النوعية والكمية (طريقة المسح) من أجل إجراء المسوحات والمقابلات وقد توصل إلى العديد من الاستنتاجات العلمية التي نعرضها في النهاية.

**Abstract**

**Role of New Media (Social Media) on Political Behavior**

**Executions and participation in demonstrations such as examples**

**(an analytical and field research)**

They use relationships and influence each other, because social media is a double tool and easily through the smartphone (smartphone) in a second, both sides can enter into an effective discussion, which makes the public can show political behavior every day. The aim of the research is to show the role and influence of the new media (social media) on the political behavior in which the leaders and demonstrations are taken as examples, in the for example, in the opinions and demonstrations. The method of taking both methods (Calitative Method) methods, quantitative methods - survey method (survey method)) in order to conduct surveys and interviews that the researcher has eventually received several scientific results.

## پێشەكی:

لەمیدیای تەقلیدی هاولاتی رۆلی نادیدە دەگیرا لە زۆرێك لە پرسە سیاسییەكاندا، چونكە زۆرجار تاكەكان لە ڕێگەی نوێنەرەكانیانەوە وەكو پەرلەمانتاران، داواكاری و پەیامەكانیان دەگەیاندە لایەنی پەیوەندیدار. واتا تاكەكان زەمینەی تەواو و ڕاستەخۆیان لەبەردەستدا نەبوو بەشداربن لە پرۆسە سیاسییەكاندا بەتایبەت لە رادەربڕین و خۆپیشاندانەكان (كە وەك دوو پرۆسەی سیاسی گرنگ، وەرگیراون لە توێژینەوەكەدا) چونكە دواجار بووبوویە هۆی ئەوەی تاك هەموو كات ئامادەی پرسە سیاسییەكان نەبێت لە پێش میدیای نوێ.بەڵام لە سەردەمی سۆشیاڵ میدیادا و دەركەوتنی پلاتفۆرمەكانی وەك (فەیسبووك و ئینستاگرام و تیك تۆك .....) زەمینەی زیاتر و فراوانتر بۆ جەماوەر دەڕەخسێت كە بتوانن ڕاستەوخۆ ڕایەڵەی پەیوەندیەكانیان بە هێزبكەن و گروپەكانی فشارو دروست بكەن و خۆیان ڕاستەوخۆ بكەونە گفتوگۆ لەگەڵ دەسەڵات و پەیام و ناڕەزایەتی پێشنیارو ڕاسپاردەكانیان لە چركەیەكدا لەمیانەی رادەربرین و خۆپیشاندانەكان بگەیەنن بە دەسەڵاتداران، ئەگەر لەرێگەی لایك یاخود كۆمێنێتكیشەوە بێت، وەك لە راپرسی توێژینەوەكەدا لایك و كۆمێنت بەهەند وەرگیراون، كەئەمەش كاریگەری خۆی هەیە لەسەر رەفتارو جوڵەی تاك لە كۆمەڵگادا، چونكە ئەم داهێنانەی تەكنۆلۆژیای گەیاندن مەرج و فۆرمی تازەی بۆ پرسی بەشداری سیاسی لە تەواوی سیستمە سیاسیە جیاوازەكان خوڵقاندوە و پێناسەیەكی نوێی بۆ دیموكراسی نمایش كردەوە.

بەڕای پسپۆڕانی سیستمی سیاسی ئەم گۆڕانكاری و داهێنانەی تەكنۆلۆژیا وەكو مەرجێكی سەرەكی ئاستی دیموكراسی دەبیندرێت و ئەو سیستەمانەی بانگەشە بۆ دیموكراسی دەكەن، وەك پێشمەرجێكی سیاسی دانراوە كە دەبێـت بەرپرس و سەركردەی وڵاتە دیموكراتەكان كاتی تەواو ببەخشن بۆ بەكارهێنانی سۆشیاڵ میدیا بۆ ئەوەی لەگەڵ جەماوەردا پەیوەندی ببەستن و گوێ بۆ خواست و داواكاریەكانیان بگرن، چونكە ئەمرۆ **سۆشیاڵ میدیا** بۆتە دوانگەیەكی گەرم و كاریگەر بۆ داواكارییەكانی جەماوەر.

ئەوەی گرنگە لە كۆتایی ئەم پێشەكییەدا بوترێت، ئەوەیە: ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی **چاوپێكەوتن** لەگەڵ كۆمەڵێك كەسایەتی سیاسی و ئەكادیمی هەروەها لەرێگەی **فۆرمی راپرسی**، بەكۆمەڵێك دەرەنجامی زانستی گەیشتووە لەبواری كاریگەری میدیای نوێ لەسەر خۆپیشاندان و رادەبرینی تاك لەكۆمەڵگادا كە لەكۆتایی توێژینەوەكەدا بەوردی ئاماژەیان پێكراوە.

### گرفت و كێشەی توێژینەوە:

پێش سەرهەڵدانی میدیای نوێ، پانتای ئازادییەكانی تاك بەتایبەت لە بەشداری سیاسی سنووردارو لاواز بوو، بەڵام لەدوای هاتنی پلاتفۆرمەكانی سۆشیاڵ میدیا، تاك دەیتوانی باشدار گوزارشت لە بیروراكانی بكات و بەشداری چالاكییە سیاسییەكان بكات، ئەمەش شایەنی پێوانەكردنە بەشێوەیەكی زانستی، بۆیە دەكرێت بە دوو پرسیاری سەرەكی گوزارشت لەمە بكرێت و لەرێگەی وەڵامەكانیانەوە ئەوەمان دەست بكەوێت كە كاریگەری میدیای نوێ چەندە.؟

ـ ئایا میدیای نوێ تا چەند زەمینەی رەخساندووە بۆ بەشداری لەگردبوونەوە و خۆپیشاندانەكان؟

ـ ئایا پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا (بەتایبەت لەرێگەی لایك و کۆمێنت) چەند کاریگەریان لەسەر رەفتاری سیاسی داناوە؟

**میتۆدی تویژنەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە پشتی بەدوو میتۆدی سەرەکی بەستووە، ئەوانیش:میتۆدی چۆنیەتی (Qualitative Method) لە رێگەی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێکی سیاسی و ئەکادیمی کە پەیوەستن بەبابەتەکەوە کە لە بەرواری (٢٠٢٢/٤/١) تاکو (٢٠٢٢/١٢/١٥) ئەنجادراون. هەروەها میتۆدی چەندییەتی ـ ڕاپێوی(Survey Method) بەکارهاتووە، بۆ ئەنجامدانی فۆرمی راپرسی کەبەشێکە لە میتۆدی راپێوی، کە ژمارەی بەرتوێژەکان بریتی بوو لە (٣٠٢) بەرتوێژ، لەسەر بنەمای زانستی.

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**کۆمەڵی مرۆیی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی لەتەواوی کوردستان لەچین و توێژە جیاوازەکان و هاوڵاتیان دەستنیشان کراون بەهۆکاری ئەوەی کە میدیای نوێ و پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا تەواوی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەکاری دەهێنن و کاریگەری لەسەر تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە.

**سامپڵی توێژینەوە:** سامپڵی ئەم توێژینەوەیە پشت بە سامپڵی **هەرەمەکی سادە** دەبەستێت، بۆ ئەوەی داتاکان گشتاندنیان بۆ بکرێت، کە تیایدا رەچاوی باری دیموگرافی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش کراوە. وەك لە خشتەی ژمارە (١) بەوردی داتاکان خراونەتەروو، بەمشێوەیەیە: سەبارەت بە "رەگەز" لەنێوان نێرو مێ لە توێژینەوەکەدا، چونکە هەموو توێژینەوەیەکی مەیدانی پێویست دەکات کە رێژەی رەگەزی بەرتوێژ دیاری کرابێت تیایدا، بەپێی خشتەی بەردەست لەکۆی (٣٠٢) فۆرم کە بەشێوەیەکی ئۆنلاین و رووبەروو دابەش کراوە بەسەر بەشداربووانی راپرسییەکەدا لەکۆی گشتی (١٩٨) کەس لەرەگەزی نێر بوون کە دەکات(٦٥,٦) کە ئەمەش رێژەی نیوەی زیادی بەشداربووەکانی بەردەست بووە، و لەبەرامبەردا تەنها ١٠٤ کەس لە رەگەزی مێ بەشداربوون لە راپرسییەکەدا کە دەکاتە رێژەی (٣٤,٤) کە ئەمەش نزیکە لە رێژەی نیوەی رەگەزی نێر کە وەرگیرابوو، کە ئەگەر شیکارییەکی وردی ئەمە بکرێت، دەرخەری ئەو راستیەیە کە رێژەی کچان و ژنان لەکۆمەڵگەی کوردی تاکو ئەمرۆش کەمتر بەشدارن لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، چونکە راپرسی توێژینەوەکە لەدەرەنجامدا بۆ دۆزینەوەی رادەی کاریگەری میدیای نوێ و سۆشیاڵ میدیایە لەسەر رەفتاری سیاسی، واتە ئەگەر بەگشتی کاریگەری میدیا باس بکرایە لەسەر رەفتاری تاك ئەوکاتە دەکرا رێژەی رەگەزی نێرو مێ وەك یەك بەشداریان بکردایە بەڵام لەبەر ئەوەی راپرسییەکە رەهەندێکی سیاسی هەیە و باس لە رەفتاری سیاسی دەکات ئەوکاتە مەودای بەشداریکردنی رەگەزی مێ راستەوخۆ بچوکتر دەبێتەوە، ئەمەش سەرەرای ئەوەی کە بەشداریکردنی رەگەزی مێ لە کۆی پرۆسەی راپرسییەکە کەمتر بوو بەراورد بە پیاوان، کەئەمەش جارێکی دیکە رێژەی مێ لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەراورد بە پیاو کەمتر بوو.

خشتەی ژمارە (١)

| ز | باکگراوندی دیمۆگرافی | دووبارە | ڕێژەی سەدی (٪) |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕەگەز | | |
| | نێر | ١٩٨ | ٦٥,٦ |
| | مێ | ١٠٤ | ٣٤,٤ |
| | کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |
| ٢ | **ئاستی زانستی** | | |
| | نەخوێندەوار | ٤ | ١,٣ |
| | بنەڕەتی و ئامادەیی | ٤٤ | ١٤,٦ |
| | دبلۆم و بەکالۆریۆس | ١٩٢ | ٦٣,٦ |
| | ماستەرو دکتۆرا | ٦٢ | ٢٠,٥ |
| | کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |
| ٣ | **پیشە** | | |
| | مامۆستای زانکۆ | ٤١ | ١٣,٦ |
| | میدیاکار | ٢٥ | ٨,٣ |
| | سیاسەتوان | ٩ | ٣ |
| | کارمەندی پلە تایبەتەکان | ٢ | ٠,٧ |
| | کارمەندی ئاسایی لەکەرتی حکومی | ٧٠ | ٢٣,٢ |
| | کارمەند لەکەرتی تایبەت | ٣٩ | ١٢,٩ |
| | خاوەن کاری خۆی | ٥١ | ١٦,٩ |
| | بێکار | ٦٤ | ٢١,٢ |
| | دامەزراوی کەرتی تایبەت | ١ | ٠,٣ |
| | کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |
| ٤ | **باکگراوندی سیاسی** | | |
| | حزبی | ١٠٥ | ٣٤,٨ |
| | بێ لایەن | ١٧٩ | ٥٩,٣ |
| | ئەندامی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی | ١٨ | ٦ |
| | کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |
| ٥ | **شوێنی نیشتەجێبوون** | | |
| | شار (ناوەندی پارێزگا) | ١٩٨ | ٦٥ |
| | شارۆچکە (قەزا) | ٧٣ | ٢٤,٢ |
| | شارەدێ (ناحیە) | ١٩ | ٦,٣ |
| | دێ (گوند) | ١٢ | ٤ |
| | کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

هەروەها هەربەپێی خشتەی ژمارە (١) کە تایبەتە بە ئاستی زانستی بەرتوێژ یەکێکی دیکەیە لە پرسیارە گرنگەکانی راپرسییەکە کە ئاراستەی (٣٠٢) بەشداربووەکە کراوە، چونکە ئەو کۆمەڵگەی توێژینەوە کە وەردەگیرێت پێویست دەکات ئاستی زانست و زانیارییان دیاری بکرێت، کەلە خشتەی ژمارە (١) بەروونی و بەداتای زانستی ئەوە شی کراوەتەوە کەلەنێوان (نەخوێندەوارو بنەرەتی و ئامادەیی و دبلۆم و بەکالۆریۆس و ماستەرو دکتۆرا) دابەشکراوە، بەمشێوەیە، ئەویش: سەرەتا تەنها وەك نموونە توێژەر چەند فۆرمێکی کەم لەنێوان چەند هاونیشتمانییەکی نەخوێندەوار دابەشکرا کە توێژەر راستەوخۆ پرسیارەکانی ئاراستە کردوون، بەڵام لەم ژمارەیە کە ١٠ کەس دەبوون وەك سامپڵ وەرگیراون تەنها ٤ کەسیان ئامادەبوون وەڵامی پرسیارەکانمان بدەنەوە، کە بەرێژەی (١,٣) دەکات، کەئەمەش دەرخەری ئەو راستیەیە نەخوێندەوارەکان کەمتر کاریگەرن بە میدیای نوێ.


هەروەها دواتر فۆرمی راپرسییەکە بەشێوەی دیجیتاڵی و ئۆن لاین گەشتۆتە بەردەم ئەوانەی دیکە کە خوێندەواریان هەبووە و توانیویانە پڕی بکەنەوە، کە ٤٤ کەسیان لە بنەرەتی و ئامادەیی بوون کە دەکاتە رێژەی (١٤,٦) هەروەها (١٩٢) لە دبلۆم و بەکالۆریس فۆرمەکایان پڕکردۆتەوە کە دەکاتە رێژەی (٦٣,٦) کەئەمەش زۆرترین بەشداربووی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەن کە دیسان راستییەکی دیکەیە کە ئەمرۆ کۆمەڵگەی کوردی زۆرترین دەرچووی دبلۆم و بەکالۆریس لەخۆ دەگرێت کە دوای ئەوانیش ماستەرو دکتۆرا هاتووە کە ژمارەیان (٦٢) کە دەکاتە رێژەی (٢٠,٥) لە کۆی گشتی فۆرمەکان کە ژمارە (٣٠٢).

بەشێکی دیکەی خشتەی ژمارە(١) پیشەو کاری رۆژانەی ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دیاری دەکات، کە هەرچەندە کارمەندی ئاسایی لەکەرتی حکومی زۆرترین رێژەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەن بەرێژەی (٢٣,٢) لەخۆدەگرێت کە ژمارەیان (٧٠) کەسە، بەڵام رێژەی بێکارو بێ ئیش ئاستێکی زۆری تۆمار کردووە کە ژمارەیان (٦٤) بەشداربوو دەبێت کە دەکاتە رێژەی (٢١,٢)، کەئەمەش پشتراستی پرسیاری پێشتر دەکاتەوە کە رێژەی دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان (٦٣,٦) بوو، چونکە ئەمرۆ دەرچوویەکی زۆر دانەمەزراون و بێکارن، کە بەشێکی سەرەکی بەشدارانی توێژینەوەکەش لەخۆدەگرن، دواتر ئەوانەی خاوەن کاری خۆیانن کە ژمارەیان (٥١) کەسن کە دەکاتە رێژەی (١٦,٩)، هەروەها دواتر مامۆستایانی زانکۆ کە ژمارەیان (٤١) کەسە، بەرێژەی (١٣,٦) دێت، کەئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت بەشێکی زۆر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان کەسانی هۆشیارن بەبابەتی توێژینەوەکە. دواتر ئەوانەی لەکەرتی تایبەت دامەزراون ژمارەیان (٣٩) بەشداربوو دەبێت بەرێژەی (١٢,٩)، کە ئەمەش دیسان راستی تێدایە کە دامەزراوی کەرتی تایبەت لەهەرێمی کوردستان بەراورد بە کەرتی گشتی ژماریان وەك یەك نییە، هەروەها لە چین و سێکتەرەکانی دیکە وەك سیاسەتوان و میدیاکارو کارمەندی پلە تایبەت و خاوەن کار لە کەرتی تایبەت هەریەکەیان بە رێژەیەکی کەم دێت وەك لەخشتەی ئاماژەبۆکراوی سەرەوەدا دیارە.هەروەها بەهۆکاری ئەوەی توێژینەوەکە رەهەندێکی تەواو سیاسی هەیە لەنێو بەشی زانستە رامیارییەکان و شیکردنەوەی رەفتاری سیاسی ئامانجی سەرەکییە، بۆیە زانینی باکگراوندی سیاسی بەرتوێژ گرنگی خۆی هەیە، کەدەرەنجام بەم شێوەیە بوو وەك لەخشتەی ژمارە (١) روونە کە نیوە زیادی بەشداربووان وەك بێ لایەن فۆرمەکەیان پڕکردتەوە کە ژمارەیان

(١٧٩) كە دەكاتە رێژەی (٥٩,٣) هەروەها لەبەرامبەردا (١٠٥) كەس وەك لایەندارو ئەندامی حزبی خۆیان تۆمار كردووە كەژمارەیان دەگاتە (٣٤,٨) لەكۆی (٣٠٢) تەواوی بەشداربووان، هەروەها ئەندامی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی وەك كەمترین رێژە لە خشتەكەدا هاتووە كەژمارە (١٨) بەرێژەی (٦,٠).

دواتر جوگرافیاو شوێنی نیشتەجێبوون بەشێكی دیكەی زانیارییە پێویست و گرنگەكانی كۆمەڵگەی توێژینەوەكە لەخۆدەگرێت، كەبەپێی فۆرمی دابەشكراو لەنێوان بەرتوێژەكاندا (١٩٨) لە شار نیشتەجێ بوون بەرێژەی (١٩٨) كە زۆرترین ئاستی تۆماركردووە.

هەروەها دوای ئەو شارۆچكە (قەزا) دێت كە ژمارە (٧٣) بەرێژەی (٢٤,٢) دواتر شارەدێ (ناحیە) بەرێژەی (٦,٣)كەژمارەی بەشداربووانی فۆرمەكە لەكۆی (٣٠٢) تەنها (١٩) پڕیان كردۆتەوە هەروەها دێ (گوند) كەژمارەیان (١٢) كەس دەبێت بەرێژەی (٤,٠).




دیاریكردنی تەمەنی بەرتوێژ یەكێكی دیكەیە لە برگەكانی هەموو راپرسییەكی زانستی، تاكو بزانرێت تەمەنی بەشداربووان چەندە و كام چینەی كۆمەڵگا زۆرتر بەشدار بووە لە توێژینەوەكەدا، هەروەها كام تەمەن زۆرتر پێویستە بۆ توێژینەوەكە كەباس لە رۆڵ و كاریگەری میدیای دیجیتاڵی و سەردەمی دەكات.

تەمەنەكان لەنێوان (٢٣ ـ ٣٣) زۆرترین بەشداربووی كۆمەڵگەی توێژینەوەكە لەخۆ دەگرێت، كە لەراستیدا ئەم دەساڵە كاریگەرترین ئەو توێژەن كەئەمرۆ زۆرترین سۆشیاڵ میدیا بەراورد بەتەمەنەكانی دیكە بەكار دەهێنن، هەرچەندە تەمەنەكانی (٢٠، ٢١ـ ٢٢ـ) هەروەها تەمەنەكانی (٤٠ تا٤٨) ئەوانیش بەشدارییەكی زۆریان هەیە بەڵام ئەو دە ساڵەی كە دیاریكراوە زۆرترین بەشداری

بووە.هەروەها تەمەنەکانی، (١٦ و ١٨و ١٩ و هەروەها لەوسەریش (٤٩ و ٥٠ تا ٥٩ جگە لە ٥٥) کەمترین ڕێژەی بەشداربووانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت بەپێی ئەو هێڵکاری ژمارە (٥) تایبەت بە تەمەنی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** پێکهاتەو هەیکەلی توێژینەوەکە لە دوو باسی سەرەکی پێك دێت کەباسی یەکەم: دەروازەی میدیای نوێ و میدیای تەقلیدی لەگەڵ سۆشیاڵ میدیا لەخۆدەگرێت، هەروەها باسکردنی کاریگەری میدیای نوێ لەسەر ڕەفتاری سیاسی. کە تیایدا ڕەفتارو ڕەفتاری سیاسی شی دەکرێتەوە و دواتر بەوردی باس لە بابەتە سەرەکییەکە دەکرێت کە بریتییە لە کاریگەری میدیای نوێ (سۆشیاڵ میدیا) لەسەر ڕەفتاری سیاسی تاك، هەروەها باسی دووەم: بەشێوەیەکی زانستی دەرەنجامی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنەکان تێهەڵکێش کراون و شیکارییەکی ورد کراوە بۆ زانیارییە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە. کەواتە کۆی توێژینەوەکە دوو باسی سەرەکییە، (باسی تیۆری، لەگەڵ باسی مەیدانی)

**توێژینەوەکانی پێشتر:** توێژینەوەکانی پێشتر، یەکێکی دیکە لە بابەتە سەرەکییەکانی توێژینەکەمان کە خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت تاکو پەی بە بابەتەکە زۆرتر ببرێت، بەم شێوەیە لای خوارەوە:

لێرەدا سەرەتا تیشك دەخرێتە سەر ئەو توێژینەوانەی کەلە زانکۆو ناوەندە ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستان نوسراون، ئاراز ڕەمەزان ئەحمەد کە لە زانکۆی سلێمانی، توێژینەوەیەکی شیکاری مەیدانی وەسفیی نوسیوە لەبارەی (ڕۆڵی پێگە ئەلکترۆنییەکان لە پێکهێنانی زانینی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا)کە تیایدا باس لە ڕۆڵ و کاریگەری پێگە ئەلکترۆنییەکان لەنێو دونیای دیجیتاڵ میدیا و میدیای نوێ دەکات لە زانین و هوشیاری سیاسی و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری سیاسی تاکەکان، بەتایبەت لەنێو چینی مامۆستایانی زانکۆ کە توێژەر سەرەتا لەڕێگەی ڕاپرسی داتاکانی کۆکردۆتەوە و دواتر شیکارییەکی زانستی کردووە بۆیان، کەئەمەش تارادەیەك نزیکە لەکارەکەی ئێمەوە بەتایبەت باسکردن لەپەیوەندی نێوان پێگە ئەلکترۆنییەکان و هوشیاری سیاسی و سلوکی سیاسی، کە دەرەنجام گەشتووە بەو زانینەی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان وەك سیما دیارەکانی میدیای نوێ سەرچاوەیەکی باش و سەرەکین بۆ تاك و مامۆستایانی زانکۆ لە وەرگرتنی زانین و هوشیاری سیاسیدا.بەڵام، بەرهەم خالد أحمد صالح لە هەمان زانکۆ لە توێژینەوەکەیدا بەناونیشانی: (ڕۆڵی میدیای نوێ لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا) کە ئەویش دیسان لێکۆڵینەوەیەکی (شیکاری وەسفییە) جەخت دەخاتە سەر ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان میدیا و سیاسەت کە پەیوەندییەکی دوو لایەنە و کاریگەر لەسەر یەکدی دادەنێن، هەرچەندە ئەم توێژینەوەش پاڵپشتە بە فۆرمی ڕاپرسی بەڵام جەخت ناکاتە سەر کاریگەری میدیای نوێ لەسەر زانینی سیاسی بەتەنها وەك توێژینەوەکەی پێشتر کە ئاماژەمان پێدا، بەڵکو زۆرتر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە میدیای نوێ چەند ڕۆڵ و کاریگەری هەیە لەسەر بڕیاردەران و بڕیاری سیاسی و لە پرۆسەی دیموکراتیدا.؟ کەئەمەش لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە نزیکمان دەکاتەوە لە توێژینەوەکەمان.

پەیوەندی نێوان (ململانێ و بەرژەوەندی نێوان رۆژنامەوانان و سیاسەتوانان) یەکێکی دیکەیە لەو بابەتانەی کەوا بەدرێژایی توێژینەوەکەمان دێتە بەردەممان، هەروەکو د.ئەحمەد عومەر بلی، لە توێژینەوەیەکدا لە زانکۆی گەشەپیدانی مرۆیی بەناونیشانی (Conflict and interest between journalists and politicians in Iraq in the age of media entrepreneurship) کە تیایدا ئاماژە دەکات بە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی نێوان رۆژنامەنووسان و سیاسەتمەداران کە ئاماژە دەکات بەوەی بەهۆی ئاسانی لەبەکارهێنانی میدیا لە سایەی شۆرشی ئەپلیکەیشنەکان و دیجتاڵ میدیا، رۆژنامەوان دەتوانێ بەکەمترین کات و بەخێرایی زۆرترین کار ئەنجام بدات و بابەتەکانی بڵاو بکاتەوە، کە هەرئەمەش وا دەکات لەکاتی بوونی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکاندا سیاسەتمەدارەکان لەرێگەی هەندێ رۆژنامەوانەوە دۆخەکە کۆنترۆڵ دەکەن بە بڵاوی کردنەوەی هەندێ بابەت و سەرنج، کەواتە میدیای نوێ پەیوەندییەکی نوێش لەنێوان ئەم دوو توێژەدا درووست دەکات، کەپەیوەندی نێوان ومیدیاو سیاسەتە.ئەو سەرچاوانەی پێشوو هیچیان بەتەواوی باسی لە کاریگەری میدیا و میدیای نوێ نەکردووە لەسەر رەفتاری سیاسی تاك لە هەرێمی کوردستان، هەرچەندە توێژنەوەی دیکە هەیە کە باس لە رەفتاری سیاسی دەکات بەڵام ئەو پەیوەندییە باس ناکات کەلەنێوان میدیا و سلوکی سیاسی هەیە، هەربۆ نموونە لەبارەی رەفتاری سیاسی و ئەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر رەفتاری مرۆڤ دادەنێن بەتایبەت میدیا و ئاین، د.مەهدی ئەبوبەکر لەزانکۆی سلێمانی توێژینەوەیەکی زانستی ئەنجامداوە بەناونیشانی (دور القيم في تكوين السلوك السياسي دراسة تحليلية في ماهية العالقة الا نعكاسية بين الدين والسياسة) کە تیایدا بەوردی باس لەجۆرەکانی رەفتار دەکات و ئەو هۆکارانەش شەن و کەو دەکات کە دەبنە هۆی دروستبوونی سلوك بەتایبەت سلوکی سیاسی تاك، بەڵام وەك ئاماژەمان پێدا ناوبراویش پێ لەسەر میدیاو میدیای نوێ دانانێت کە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەی ئێمەیە بەڵکو بەشێوەیەکی لاوەکی باس لە راگەیاندن دەکات لە درووستکردنی کاریگەری لەسەر رەفتاری تاك.

هەندێ توێژینەوەش لەدەرەوەی هەرێمی و کوردستان لەسەر ئاستی عێراق ئەنجامدراون کە تیایدا دەیانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە تاچەند میدیای نوێ کاریگەری داناوە بۆ جوڵاندنی شەقام و کۆکردنەوەی دەنگە جیاوازو تورەکانی شەقامی عێراقی، هەروەك غالب (كاظم جياد الدعمي)، لە توێژینەوەکەیدا بەناونیشانی: الإعلام الجديد وعلاقته في تشكيل الرأي العام أزاء الأزمات في العراق، (مجلة أهل البيت عليهم السلام العدد ٢٤)، هەروەرها د.يحيى عمر ريشاوي توێژینەوەیەکی لە (جامعة أمدرمان الإسلامية: كلية الإعلام: السودان) ئەنجامداوە ناونیشانی توێژینەوەکە بەعەرەبی (الصحافة وصناعة الوعي، دراسة تطبيقية على واقع الصحافة في اقليم كوردستان العراق) کە بەتوێژینەوەیەکی زانستی دادەنرێت لە ئاستی وڵاتانی عەرەبی، کە توێژینەوەیەکی مێژوویی وەسفی شیکارییە ولەبنەرەتدا بەعەرەبی نوسراوە و تیایدا توێژەر باس لە رۆڵ وکاریگەری رۆژنامە و کاری رۆژنامەوانی دەکات لەسەر هوشیاری سیاسی لەهەرێمی کوردستان.

## باسی یەکەم: لایەنی تیۆری

## کاریگەری میدیای نوێ (سۆشیاڵ میدیا) لەسەر رەفتاری سیاسی

### تەوەری یەکەم: ناساندی میدیای (نوێ و تەقلیدی)

باسکردن لە میدیا بەگشتی و جیاکردنەوەی میدیای تەقلیدی و میدیای نوێ لەیەکدی، دواتر شیکردنەوەی رەهەندە کاریگەرەکانی سۆشیاڵ میدیا پێویستییەکی سەرەتایی توێژینەوەکەیە تاکو ئاستی کاریگەری میدیا بەپێی قۆناغ و فۆرمەکانی بزانین لەسەرە کۆمەڵگاو رەفتاری تاکەکان، کەئەمەش رێگەخۆشکردنە بۆ باسکردنی لەسەر رەفتاری سیاسی تاك.

بێگومان ناساندنی میدیا بەگشتی و دواتر هەردوو فۆرمەکەی (تەقلیدی و نوێ) رووبەرووی کۆمەڵێك پێناسەو شیکاری جیاوازت دەبێتەوە، بۆیە دەکرێت بوترێت سەرەتا، لەرووی زمانەوانییەوە وشەی راگەیاندن (الإعلام) بەواتای ئاگاداربوونی کەسێك دێت لەشتێك واتە زانینی هەواڵ و زانیاری لەبارەی بابەتێکەوە،(کافی، ٢٠١٦ ص٤٣). بەپێی سەرچاوە کوردییەکانیش (راگەیاندن) لەزمانی کوردی لەبنەرەتەوە لە دوو پێشگری (را) لەگەڵ چاوگی (گەیاندن) پێکهاتووە کە مەبەست پێی (پێراگەیاندن)ی بەرامبەر وەرگرە بەکۆمەڵێك هەواڵ و زانست و زانیاری کە وەرگر پێیان نامۆیە. (ئەبوبەکر،٢٠٠٢ ل١٦) فەرهەنگی ئۆکسفۆرد (oxford)مانای وشەی (communiction) پەیوەندیکردنی دیاریکردووە بەوەی پرۆسەی بڵاوکردنەوە یان پەخشکردنی ئەو زانیاریانەی کە لەبەردەستدان، واتە پەیوەندیکردن چوارچێوەیەکی گشتی و فراوانتر لەخۆی دەگرێت(بەدەوی، ٢٠١٤ ـ ل١٤).

بۆیە دەکرێـت بڵێین: لەرووی زمانەوە وشەی (میدیا) لەبەرامبەر وشەی (media) ئینگلیزی و وشەی (الاعلام)ی عەرەبی و (راگەیاندن)ی کوردی بەکار دێت کە تێکەڵاوییەکیش لەنێوان هەردوو چەمکی راگەیاندن و میدیا دروست دەبێت بەشێوەیەك پێویست بەتوێژینەوەیەکی دیکە هەیە بۆ مشتومڕکردن لەسەر ئەم بابەتە. "شانوون ویڤەر" لە ساڵی ١٩٤٩ بەمجۆرە پێناسەی کردووە " بریتییە لەو رێگایەی کە کەسێك کاریگەری درووست دەکات لەسەر مێشکی کەسێکیتر". یان ئەو پرۆسەیەی کە نێرەر پەیامێك دەنێرێت بۆ وەرگر لەرێگای رووبەروونەوەی لەنێوان دوو کەسدا.(سەعید، ٢٠١٩، ل١٠) بە شۆڕشی زانیارییەکان و تەکنەلۆژیا میدیا گۆرانکاری بەسەرداهات، چونکە ئەم شۆرشە یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی گەشەکردن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە کۆمەڵێك گۆرانکاری و پێشکەوتنی بەدوای خۆیدا هێناوە، بەتایبەت لەبوارەکانی (میدیایی و پیشەسازی و شێوازەکانی وەرگرتنی زانیاری)، هەربۆیە لەم نـێوەندەشدا میدیای لەتکرد بۆ دوو قۆناغی مێژوو، بەمشێوەیە: ـ میدیای کلاسیکی: وەك رادیۆو تەلەفزیۆن و رۆژنامەکان لەلایەك و ـ میدیای نوێ : وەك ماڵپەرە ئەلکترۆنییەکان (دیجیتاڵ میدیا، رۆژنامەگەری هاوڵاتی (مۆجۆ) مۆبایل جۆرنالیزم) لەلایەکی دیکە. (تاڵەبانی، رێشاوی، ٢٠٢٠ ل١٩)

کەئەمەش دەرخەری ئەو راستییەیە شۆرشی زانیارییەکان میدیای بردە قۆناغێکی نوێ و لە میدیاییەکی کلاسیك و کەم کاریگەر گۆرا بۆ میدیاییەکی کاریگەر و نوێ، بەڵام هێشتا نەگەشتووین بە

پێناسە دروستەی کە میدیای نوێ وەك ناوەرۆك چییە؟بۆیە بۆ ئەوەی ئێمە لە میدیای نوێ بەشێوەیەکی گشتی ترو باشتر تێ بگەین دەبێ بزانین (digital) پرۆسەی دیجیتاڵی چییە،؟ چونکە بەمیدیای نوێ ئەمرۆ دەوترێت دیجیتاڵ میدیا یاخود میدیای رەقەمی، کە ئەمەش جیاکەرەوەی سەرەکی نێوان میدیای نوێ و میدیای تەقلیدییە، چونکە لە میدیای نوێ گرنگییەکی زۆر دەدرێت بە ژمارەو و رەقەم و زانیاری و داتاکان. (Martin Lister.. 2003.. P16)

میدیا بەواتا تەقلیدییەکەی واتا کۆنترۆڵکردنی لەلایەن چینی دەسەڵاتدارو بەکارهێنانی بۆ مەرامە سیاسییەکان، کەئەمەش لەسەرەتای سالآنی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بەدی دەکرا بەتایبەت لەلایەن دەسەڵاتە شمولییەکانی ناوچەکەوە بەتایبەت کاتێك کودەتا دەکرا ئیدی لەلایەن کودەتاچی و دەسەڵاتدارەکانەوە دەست دەگیرا بەسەر رادیۆ و ئێزگەکاندا و لێرەوە میدیا دەبوو بەمیدیای دەسەڵات و دەکەوت دەست حکومەت، بەڵام میدیا بەواتای نوێ بریتییە لەو میدیاییەی کە میدیای دووسەرە ناسراوە واتا چەندە لەدەستی دەسەڵاتە هێندەش لەدەستی میلەتدایە بۆیە کۆنترۆڵکردنی ئاسان نییە وەك لەبەهاری عەرەبی ساڵی ٢٠١١ ئەمە بە روونی بەرچاوت کەوت کاتێك کۆنترۆڵکردنی سۆشیاڵ میدیا لەدەست دەرچووبوو و دەسەڵات نەیدەتوانی بەهیچ شێوەیەك کۆنترۆڵی بکات. (صالح، ٢٠٢١، ل٩٠)کەواتە جیاوازییەکی بنەرەتی لەنێوان میدیای نوێ و میدیا بەشێوازە تەقلیدییەکەی هەیە چونکە ئەمرۆ میدیا بریتییە لەوەی چەندە لەدەستی دەسەڵاتە هێندەش لەدەستی هاوڵاتییە کە لەرێگەی پۆست و لایك و کۆمێنتەکانەوە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر بەرامبەرو خودی دەسەڵات دادەنێت، واتە تاك بە ئازادنە میدیا بەکار دەهێنێت.لەسایەی میدیای نوێ و ژمارەیی هاوڵاتی بەبێ سنور دەتوانێ ئامرازەکانی راگەیاندن بەکار بهێنێت و دەرەنجام کاریگەرییەکی ئەرێنی یاخود نەرێنی لەسەر رەفتاری تاکەکە دادەنرێت بەهۆی خێرایی و زۆر بەکارهێانەوە. (نوشي، ٢٠١٨ـ ص٥٥)

لە دوو خاڵی کورتدا جیاوازی بنەرەتی لەنێوان میدیای تەقلیدی و میدیای نوێ دەکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە: (مقاوسي، ٢٠٢٠ ص١٥٣)

ـ **لەرووی کۆنترۆڵکردنەوە:** لەبەر خێرایی و فراوانی ئاسان نییە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە کۆنترۆڵی میدیای نوێ بکرێت (ئەنتەرنێت و سۆشیاڵ میدیا...هتد) بەڵام بەئاسانی دەتوانێ میدیای تەقلیدی کۆنترۆڵ بکرێت.

ـ **لەرووی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و شوناس:** میدیای نوێ زۆرترین پەیوەندی لەنێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا درووست دەکات تەنانەت لەنێوان کۆمەڵگاو نەتەوەو شوناسە جیاوازەکاندا، بەڵام میدیای تەقلیدی کار لەسەر پاراستنی یەك شوناس دەکات لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی دیاریکراودا.

دەرەنجامی جیاوازی لەنێوان میدیای نوێ و میدیای تەقلدیدا کۆمەڵێك خاڵی ئیجابی و سلبی لەهەریەکێکیاندا دروست دەبێـت، هەروەکو سەرچاوە فارسییەکان زۆتر باس لەمە دەکەن کە: رۆژنامەی سایبر بەراورد بە رۆژنامەی سونەتی یاخود تەقلیدی هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندی و جیاوازییە کە گرنگترینان بریتییە لەوەی رۆژنامەی سایبر و دیجیتاڵی زۆرخێراترو کاریگەرترو ئاسانترە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە کاریگەرییە خراپەکانیش خێرا دادەنێت ئەمە جگە لەوەی نەبوونی

فلتەر لەرۆژنامەو میدیای نوێ بەراورد بە میدیای سونەتی و تەقلیدی گەورەترین کێشەیە، چونکە زۆربەی کات لەبەر خێرایی بەبێ فلتەر زۆربەی هەواڵ و بابەتەکان بڵاو دەبنەوە و دواتر کاریگەری نێگەتیڤ جێدەهێڵن. (مەبەست لە فلتەر واتە لەمیدیای تەقلیدی زۆرتر سانسۆری کەناڵ و دەزگاکانی راگەیاندن کراوە) (شکرخواه، ١٣٨٨، ص) ئەوەی کە زۆر جێگەی باس و خواسە و میدیای نوێ بەتەواوی جیا دەدەکاتەوە لەمیدیای تەقلیدی بریتیە لەوەی کە لەمیدیای تەقلیدی شتێك نییە بەناوی نوسینی راو سەرنج و کۆمێنت لەبەرامبەر رووداو هەواڵ و زانیارییەکان بۆیە ناتوانین بە میدیای خەڵکی پێناسە بکەین، هەربۆیە زۆربەی سەرچاوەکان لەباسکردنی جیاوازی نێوان میدیای نوێ و تەقلیدی جەخت لەمە دەکەنەوە و دەڵێن: دەتوانین بەیەك رستە خاڵی جیاوازی نێوان میدیای کلاسیك و نوێ کۆتایی پێ بهێنین کەسەرەرای بوونی شێوازێکی نوێ لە کاری میدیای لەسایەی شۆرشی تەکنەلۆژیادا، میدیای نوێ جیا دەکرێتەوە لە میدیای تەقلیدی بەوەی کە دەتوانێ بەواتای کەلیمە میدیای خەڵك و جەماوە بێت و هاوڵاتی _ تاك بەشێوازێکی خێراو بەردەوام گوزارشت لەبوون و ئازادی خۆی بکات. (المشاقبة، ٢٠١١ ، ص٢١)

**تەوەری دووەم: رەفتاری سیاسی و میدیای نوێ**

**١ـ هەڵسوکەوت یاخود رەفتار و رەفتاری سیاسی**

گرنگە بۆ بۆ ناساندنی رەفتاری تاك ئاماژە بە بیروراو نوسینەکانی (صادق الاسود) بکرێت کە لە کتێبەکەیدا بەوردی باس لە رەفتاری مرۆڤ دەکات و دواتر جیای دەکات لە (الموقف و الميول) کە زۆر نزیکە لە سلوك و رەفتاری مرۆڤ، ئەو دان بەوەدا دەنێت کەئاسان نیە مرۆڤەکان بخەیتە ژێر تاقیگە و چاودێری تاکو سلوکیان دیاری بکەیت بەڵام دەتوانین بڵێین کە رەفتاری مرۆڤ دەرەنجامی کردارو زانیاری و هەڵسوکەوتەکانی رابردوویەتی دروست دەبێت و بەمەش لە (مەوقف ـ هەڵسوکەت) جیا دەکرێتەوە کە بریاردان و مەوقف وەرگرتنە بۆ شتێك لەداهاتوو وەکو "دەنگدان" هەروەها جیا دەکاتەوە لە میول کە بریتییە لەلایەنی سۆزداری و پاڵپشتی مرۆڤەکان بۆ شتێك. (الاسود، ١٩٩٠) ص٥٣٧ ـ ٥٣٨ـ ٥٣٩) دەکرێت رەفتاری مرۆڤەکان فەردی بێت، واتە هەڵقوڵاوی ناخی کەسەکە خۆی بکات و کاریگەر نەبێت بەهیچ هۆکارێکی کۆمەڵایەتی و دەستەجەمی، یاخود دەکرێت رەفتاری مرۆڤە جەماعی بێت و بەپێچەوانەی یەکەمەوە تاك کاریگەر بێت بەکۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەرەکی وەکو مزگەوت و خێزان و خوێندنگا، و ئامانج لێی پاراستی کیانی مرۆڤ بێت وەك ئەندامێك لە کۆمەڵگاکەی. (العطية، ١٩٩٢ ص٩٣-٩٥)

**رەفتاری** مرۆڤ بریتییە لە هەموو جوڵەیەکی کەلەنێوان مرۆڤ و ژینگەکەی خۆیدا روو دەدات بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکی، کەئەمەش بەپێی کات و شوێن زۆربەی جار گۆڕانکاری بەسەردا دێـت. (محمد الأسطل، ٢٠١٢) ڕەفتار لە دەروونناسیدا بەوشێوەیەیە کە دەروونناسەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە گرنگی بە ڕەفتار دەدەن، کە دواتر بووە هۆی سەرهەڵدانی مۆدێلێکی ناسراو بەناوی "ڕەفتارگەرایی"، هەروەها ڕەفتارگەرایی کە دامەزرێنەرەکەی زانا "جۆن واتسۆن"ە پێیان وایە کە لەوانەیە ڕەفتارەکە باو، یان نائاسایی بێت، قبوڵکراو یان قبوڵ نەکراو بێت کە لەمرۆڤەکانەوە

سەرچاوە دەگرێت. (Darwin's Disciples . July 17, 2012.ـ) هەروەها صادق الاسود لە کتێبەکەیدا **سلوکی سیاسی** بەو شێوەیە دەناسێنێت مرۆڤ بە سروشت کۆمەڵایەتییە بەڵام کاتێك دەبێت بە کیانێکی سیاسی کەلەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا پەیوەندییەك دروست دەکات کە دەکرێت پەیوەندییەکی سیاسی پێکەوەیی بێت یاخود ململانێ بێت، و پەیوەندییەکە کۆمەڵێ بابەتی سیاسی لەخۆی دەگرێت و کە دەکرێت ئەوەی لەو پەیوەندییە دەکەوێتەوە بە رەفتاری سیاسی پێناسە بکرێت. (الاسود، ١٩٩٠، ص٧٣)

لەم روانگەوە ڕەفتاری سیاسی بریتە لە هەر چالاکییەکی مرۆڤ لەگەڵ بەرامبەرەکانی کە چالاکییەکە روخسارێکی سیاسی هەبێت، و ئەوکاتە دەتوانین بڵێین ئەو کەسە رەفتارێکی سیاسی نواندووە، و ڕەفتاری سیاسیش بەشێکە لە چالاکی و سلوکی کۆمەڵایەتی بەواتا گشتییەکە. (حمه علي، ٢٠٢١، ص٢٩,٣٠)

دەکرێت دابەشکاری بکەین بۆ جۆرەکانی رەفتاری سیاسی، وەکو ١ـ سلوکی هەڵبژاردن کە ئەمە پەیوەندی هەیە بە رەفتاری تاکەکانەوە کاتێك لەپرۆسەی دەنگدان بەشداری دەکات و دەنگ دەدات بە حزبێ یاخود کاندیدێك یاخود باڵاتر لەمە کاتێك دەوڵەتێك لە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا دەنگدا دەدات، ٢ـ سلوکی تەشریعی، کاتێك یاسادانەران هەڵدەستن بە دانان و چۆنیەتی و شێوازی یاساکان و بوونی رای جیاوازیش لەنێوان یاسا دانەراندا بە رەفتاری سیاسی دادەنرێـت، هەروەها رەفتاری دادوەری و حزبی و رێکخراوەیی و نێودەوڵەتی، زۆر شێوازی دیکەش دەچنە چوارچێوەی رەفتاری سیاسی کاتێك هەڵگرەکەیان بیەوێت کارێك یاخود چالاکییەکی سیاسی ئەنجام بدات. (دایش، ٢٠١٨)

**٢ ـ بەشداریکردن لە رادەربرین و گردبونەوەکان وەك پێوەری رەفتاری سیاسی**

لەرێگەی ئامرازەکانی بەشداریکردن تاکەکانی کۆمەڵگا لە ژیان و پرۆسەی سیاسی و لەنێو کۆمەڵگادا بەشێوەیەکی گشتی، تیشك دەخرێتە سەر ئەو پێوەرانەی کەوا رەفتاری سیاسی تاك دیاری دەکەن، چونکە لەرێگەی ئەم کردارە سیاسیانەوە رەفتاری سیاسی تاکەکان بەروونی دەردەکەوێت، کە بەهەموویانەوە دەتوانین لە بەشداری سیاسیدا کورت بکرێنەوە، بەگشتی ئەو ئامرازانە بریتین لە:

أ- بەشداریکردن لەپرۆسەی دەنگدان (هەڵبژاردن و راپرسی)

ب- ئەندامێتی حیزبی (پارتی سیاسی)

ج- ئەندامێتی و بەشداریکردن لەرێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

د- بەشداریکردن لە رادەبرین و گردبونەوە ـ خۆپیشاندانەکان

بەڵام لەم توێژینەوەیەدا لەنێو ئامرازەکانی بەشداری سیاسی وەك پێوەرەکانی رەفتاری سیاسی، بەوردی تیشك دەخرێتە سەر هەردوو پرۆسەی (بەشداریکردن لە رادەبرین و گردبوونەوە - خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان) وەك دوو پرۆسەی کاریگەر لەنێو بەشداری چالاکانەی سیاسی تاکەکان. یەکێك لەو پرۆسانەی رەفتاری سیاسی تاك دیاری دەکەن بریتییە لە بەشداریکردن لە خۆپیشاندان و گردبونەوەکان، کە لەهەمان کاتدا بەشداری چالاکانەی سیاسی تاك دەردەخات. (مصطفی، ٢٠١٨ـ ص١٥٢) کە بێگومان میدیای نوێ بەشداریکردن لە گردبوونەوە و خۆپیشاندان و

چالاکییەکاندا لەلایەن گەنجانەوە گۆرانکاری زۆری تێدا کردووە وەك لە بەهاری عەرەبی و وڵاتە عەرەبییەکاندا ئەمەمان بە ئاشکرا بینی. (البصراتي، ٢٠١٤) لە هەرێمی کوردستانیش خۆپیشاندان و نارەزای هەمیشە چەکێک بوە بەدەست خەڵکییەوە بۆ داواکردنی خزمەتگوزارییەکانی ژیانی یاخود بۆ دەربڕینی هەڵویستێکی نەتەوەی کەلەچەندین ئەزموون دا بەدیکراوە.زۆبەی کاتیش هەولدراوە پرسی خۆپیشاندان لە چوارچێوەی یاسادا جێی بکرێتەوە یەکێک لەو یاسایانەی کە پەیوەستە بە میکانیزمەکانی خۆپیشاندان و ڕێکخستنیەوە یاسای ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠١٠ لە بڕگەی یەکەمی ئەم یاسایەدا هاتوە کە خۆپیشاندان مافێکی دەستورییەوە بە یاسا ڕێک دەخرێت بەڵام بەحوکی هەژمونی حیزبی دەسەڵاتی حیزب لە ناو یەکە ئیدارییەکاندا کە ئەرکی پێدانی مۆڵەتی خۆپیشاندانیان لە ئەستۆییە بووە بەهۆی ئەوەی ئەو مافە وەکو مافێکی سیاسی و یاسای ناوەرۆکەکەی لەدەست بدات و ببێتە ڕوکەش ودروشمی حیزبە سیاسیەکان ئەمە جگە لەوەی خودی یاساکە چەندیین لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێت کە ئەمەش نیشانەی کەمکوڕی ئەم یاساییە (وەلەدبەگی،٢٠١٧) .

زۆرێک لە نوسەران ئەزمونی بەهاری عەرەبی بە پاساوێکی بەهێزی ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا دەهێننەوە هەندێک پێیان وایە تەنها لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە دەکرێت کەمپینی نارەزایەتی کاریگەر لە شیوەی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین لە سۆشیاڵ میدیا بکرێت، بەواتایەکی تر سۆشیاڵ میدیا جگە لە تۆڕێکی ڕێکخستن دەشێت شوێنگرەوەی شەقام و شوێنە گشتیەکان بێت. لەپاڵ هەموو ئەمانەی باسمانکرد خۆپیشاندان نارەزای دەربڕین ئامرازێکی کاریگەرە بۆ فشار خستنە سەر دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگای بەشداری تاکەکانی کۆمەڵگاوە. (Adam, and .2017 pp196-209 (Shahin

### ٣ـ کاریگەری میدیای نوێ لەسەر رەفتاری سیاسی

میدیای نوێ (بەتایبەت سۆشیاڵ میدیا) بەبەراورد بە میدیای تەقلیدی کاریگەری زۆتری هەیە لەسەر هوشیاری سیاسی تاکەکان لە کۆمەڵگادا، چونکە هاوڵاتی دەتوانێ بە ئازادانەو ویستی خۆی لەرێگەی هێڵەکانی پەیوەندی دەستی بگاتە بەزانیاری و هەواڵە سیاسیەکان بەبێ ئەوەی حزب و دەسەڵات و گروپەکانی فشار بتوانن رێگەی لێ بگرن، هەر ئەم هوشیارییە سیاسییە وا دەکات کە گۆرانکاری لە رەفتاری سیاسی تاکدا روو بدات(حسنونة، ٢٠١٦ ص١١) ڕۆڵو کاریگەری میدیا لە دروستکردنی ڕای گشتی و پێگەیاندنی لە ڕێگەی خۆپیشاندان و رادەربڕین یاخود دەنگدان و هەڵبژاردن و هەر ڕێگەیەکی تری بەشداری سیاسی (کەبەشێکن لە رەفتاری سیاسی تاك) بەهاو گرنگیەکی زۆرو بەرچاوی هەیە، چونکە میدیا بەهەموو جۆرەکانیەوە بە خستنە ڕووی هەندێك بابەت و بروزکردن و سەرنجدانان لەسەر ئەو بابەتانە سەرنجی خەڵکی بۆلای خۆیان ڕادەکێشن و لەژیانی ئەواندا بەرجەستەی ئەکات و لەبارەی ئەو بابەتانەوە کە جێی مەبەستیەتی زانیاری و ئاگاداری دەداتە خەڵك(عەبدوڵا٢٠٢٠).ئەمرۆ سوود وەرگرتن لە کەناڵە پێشکەوتنەکان ، بەتایبەت پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا لەلایەن هاوڵاتیانەوە ئاسانەو دەتوانن لەچەند ڕێگەیەکەوە و

بەشێوەیەکی فراوان میدیای نوێ بەکاربهێنن وەك وێنەو فیدۆو رەنگ و جوڵە تێکست، کە ئەمەش وایکردووە کاریگەرییەکی لەچاو کەناڵە تەقلیدیەکان چەندقات بکاتەوە و وایٰ لێ بێت کاریگەرییەکی زۆر خێرا بکاتە بەسەر رەفتارەکانیان و پەرشو بڵاویان بکات بەشێوەیەك رووبەرووی دوودڵیان دەکاتەوە چونکە لەنێو دونیاییەکی فراوان جەنجاڵدا خۆیان دەبیننەوە بەتایبەت ئەمە بۆ منداڵان و گەنجان درووستە. (العاني، ٢٠١٥ ص٧١) "ئەوەی زۆرتر کاریگەرییەکە خێراترو بەپەلە تر ئەکات ئەوەیە کە بەکارهێنەرێکی زۆرو لێزان و شارەزا ئەمرۆ لەنێو میدیای نوێدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنن بۆیە کاریگەرییەکەیان زۆترر دەبێت."

بێگومان دەبێت ئەوەش نادیدە نەگرین کە کاریگەری راگەیاندن (میدیا بەگشتی و میدیای نوێ بەتایبەتی) لەسەر تاکەکان دەکرێت بەشێوەی راستەوخۆ یاخود ناراستەوخۆ رەفتاری تاکەکان رەنگ رێژ بکات، کە یەکەمیان: راستەوخۆ: ئەوە کە ئەو تاکانە کە راستەوخۆ بایەخی تەواو دەدەن بە هۆکارو کەناڵەکانی راگەیاندن (وەك سۆشیاڵ میدیای لە جیهانی ئەمرۆدا) کە راستەوخۆ تاك خۆی کاریگەر دەبێت بە میدیا و زانیارییەکان وەر دەگرێت، بەڵام لەبەرامبەردا دووەم، ناراستەوخۆ: ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەرێگەی کەسانی دیکەوە زانیاری و هەواڵەکان وەردەگرن و سەرسام دەبن بە راگەیاندن، واتە خۆیان راستەوخۆ بایەخ بە میدیا و کەناڵەکانی راگەیاندن نادەن، ئەمەش وا دەکات کە کاریگەری ناراستەوخۆ لەلایەن راگەیاندنەوە لەسەریان دابنرێت. (دیفلیر، بۆڵ ـ رۆکیتچ، ٢٠٢١ ل ل ٢٧٤ ـ ٢٧٥) هەرچەندە لەسەرچاوە کۆنەکاندا باس لە میدیای تەقلیدی دەکرێت وەك تاکە کەناڵێك کە کاریگەری راستەوخۆی هەبووە لەسەر رەفتارو ئاراستەی سیاسی تاکەکان، هەروەکو ابراهیم أبراش لە کتێبەکەیدا کە ساڵانی نەوەدەکان چاپکراوە زۆر بەوردی باس لەکاریگەری میدیا دەکات لەسەر رەفتارو تەنشیئەی سیاسی تاك (أبراش، ١٩٩٨ ص ٢٢٢ ـ٢٢)

## باسی دووەم: لایەنی مەیدانی

### کاریگەری میدیای نوێ لەسەر رادەربرین و بەشداری لە گردبوونەوە و خۆپیشاندانەکان

یەکێك لە روخسارە دیارەکانی میدیای نوێ وبەتایبەت سۆشیاڵ میدیا ئەوەیە کە پرۆسەی دیموکراتی بەهێزتر دەکات و ئاسانکاری دەکات بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتی، بەتایبەت لەرێگەی ئازادی رادەربرین و بەشداری گردبوونەوە و خۆپیشاندانەکان، ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی کە سۆشیاڵ میدیا سەکۆیەکی ئازاد دەبەخشێت بەکۆی هاوڵاتیان بەشێویەکی یەکسان، تاکو بتوانن گوزارشت لەدەنگ و رەنگی خۆیان بکەن، بەبێ ئەوەی هیچ کەس و لایەنێك بتوانێ بەئاسانی کۆنترۆڵیان بکات. بۆیە گرنگە وەڵامی ئەو پرسیارەش هەبێت لە توێژینەوەکەدا کە ئایا تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و فەیسبووك بەتایبەت چەندە بۆتە ئەوەی کە هاوڵاتی بتوانێ ئاسانترو خێراترو کاریگەرتر بەشداری گردبوونەوە و نارەزایەتییەکان بکات و لەرێگەی کۆمێنت و پۆستەکانییەوە ڕای خۆی ئازادانە بە لایەنی بەرامبەر بگەیەنێت.بۆیە ئەم باسە باشترە لەرووی زانستییەوە دابەش بکرێت بەسەر دوو تەوەری سەرەکی، واتە ئەو چاوپێکەوتن و زانیارییانەی

پەیوەستن بە ئازادی رادەربرین تەوەرەی یەکەم دەبێت و بابەتی خۆپیشاندانیش تەوەری دووەم دووەم دەبـێت لەدواتردا بەوردی ئاماژەیان پێ دەکرێت.

**تەوەری یەکەم: کاریگەری میدیای نوێ لەسەر ئازادی رادەربرین**

بێگومان میدیای نوێ (سۆشیاڵ میدیا) وەك لەپێشەکی و بەشی تیۆریدا ئاماژەی پێکرا کاریگەری راستەوخۆ دادەنێت لەسەر ئازادی رادەبرین و پرسەکانی بەهێزکردنی بنەماکانی دیموکراتی، بۆیە لەمیانەی چاوپێکەوتن و راپرسی نێو توێژینەوەکە زۆرتر لەمە باس دەکرێت.

خشتەی ژمارە (٢)

کۆمێنت لە سۆشیاڵمیدیا بۆ پشتگیری و پاڵپشتی لە بەرپرسان

| میدیای نوێ و پاڵشتی لەدەسەڵات | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵی | ٤١ | ١٣,٦ |
| نەخێر | ٢٦١ | ٨٦,٤ |
| کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

هەندێ کات لەرێگەی سۆشیاڵ میدیاوە هاوڵاتی بەپشتگیری کردن لە بەرپرسان بەشداری چالاکییەکی سیاسی دەکات و رەفتارێکی سیاسی دەنوێنێت و گوزارشت لەرای خۆی دەکات کە دەشێت ئەمە تەنها بەیەك کۆمێنت بێت، بەڵام ئەمرۆ بەهۆی ئەو قەیران و گەندەڵییەی لە دەسەڵاتی کوردیدا بەدی دەکرێت ئەم پشتگیرییەی زۆر بەدی ناکرێت بۆیە لەکۆی (٣٠٢) فۆرمی راپرسییەکەمان (٢٦١) کەس بە "نەخێر" وەڵامیان داتەوە کە رێژەکەیان (٨٦,٤) و ئاماژەیان بەوەداوە کەئەوان هیچ کۆمێنتێك نانوسن بۆ پشتگیریکردن لە دەسەڵاتداران، بەڵام ئەمە لە ئاستی لاوازی و کاریگەری میدیای نوێ کەم ناکاتەوە چونکە لەبەرامبەریشدا (٤١) بەرێژەی (١٣,٦) بە "بەڵێ" دەنگیانداوە، کە ئەمان لەرێگەی سۆشیاڵمیدیاوە پشتگیری حۆیان بۆ بەرپرسان دەربریوە کەئەمەش جۆرێکە لەبەشداری سیاسی دیجیتاڵی و کاریگەری میدیای نوێ لەسەر رەفتاری سیاسی تاك.

ستران عەبدوڵا، بەرپرسی میدیایی و وتەبێژی یەکێتی و وەك پەرپرسێکی سیاسی لەمبارەوە دەڵێت: " کۆمێنت زۆر کاریگەری داناوە لەسەرم کە پاڵپشتی دەکەن پێم خۆشە چونکە منیش مرۆڤم، بەڵام کاتێك پێچەوانەیەو شتی نەشیاو دەنووسن دژم زۆرم پێ ناخۆشە و تا ئاستی بلۆك کردن دەرۆم، چونکە نابێت ئەوەش لەیاد بکەین بلۆك کردنی بەرامبەر ئەویش جۆرێکە لە گوزارشت کردن لەئازادی کەسی".

دلێر عەبدوالخاق، بەرپرسی میدیایی و وتەبێژی گۆران، لەمبارەوە دەڵێـت: " زۆربەی کات هەندێ بەرپرسی سیاسی هەزاران لایك و کۆمێنت بۆ پشتگیری و پاڵپشتیان دێت، بەڵام لە راستی و لە واقعدا ئەم شتە وا نییە، هەندێ بەرپرس رەنگە سەد کەسیش لەگەڵیدا نەبن، واتە هەندێ کات ئەو پاڵپشتی و پشتگیرییە لە سۆشیاڵ میدیا مەرج نییە راست و دروست بێت، بۆیە دەبێت ئاگاداری

ئەو خاڵە بین کە زۆرتر پشتگیرییەکی مەجازییە.."

کەواتە رای جیاواز هەیە لەبارەی گوزارشت کردن لەراو ئازادی تاك لەرێگەی سۆشیاڵ میدیاوە، کە دەکرێت لە زانیارییەکانی دواتری نێو راپرسییەکە و خودی چاوپێکەوتنەکان زۆتر لەسەر ئەمە بابەتە شیکاری زانستی بکرێت.ئەم خشتەی پێشەوە زۆرتر گوزارشت بوو لە کۆمێنت نوسین کەچۆن لەرێگەیەوە تاك ئازادی دەردەبرێت، بۆیە دەکرێت ئاستێکی باڵاتر لەمە وەك پێوەر وەبگیرێت تاکو بزانرێت سۆشیاڵ میدیا چەند کاریگەری لەسەر رەفتاری سیاسی و ئازادی رادەبرین داناوە، بۆیە (شەیر ـ share) کردن بەنموونە وەرگیراوە.

خشتەی ژمارە (٣)

شەیری پۆستی بەرپرسانی حزبی و حکومی لە سۆشیاڵمیدیادا

| میدیای نوێ و شەیری پۆستی بەرپرسان | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٣ | ١٠,٩ |
| نەخێر | ٢٦٩ | ٨٩,١ |
| کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

دەردەخات لەرووی پێوانەییەوە لەدوای کۆمێنت و لایك، شەیرکردن بابەتەکانت کۆتا بەشداری چالاکانەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بێت، کە ئەگەر هاوڵاتییەك بابەتێکی زۆر جێگەی دڵخوازی بێت ئینجا شەیری دەکات، بۆیە ئەگەر بابەتی بەرپرسانی حزبی و حکومی شەیر بکات ئەوکاتە پێوەرێکی گرنگە بۆ بەشداری سیاسی و چالاکانەی تاك، بۆیە گرنگە بزانین لە سۆشیاڵ میدیا و لەمیانەی بەشداری سیاسی دیجیتاڵیدا، تاك چەندە باوەری بە بەشداری و شەیری پۆستی بەرپرسان هەیە، کە وەڵامەکەیان بەمشێوەیە (٢٦٩) کەس بەرێژەی (٨٩,١) وەڵامیان داوەتەوە کە ئەمەش دەرخەری ئەوەیە هاوڵاتی ئەمرۆ زۆر نیگەرانە لەبەرپرسانی سیاسی و حکومی و لە سۆشیاڵ میدیا سەرەرای ئەوەی پشتگیریان ناکات بەڵکو دژیان دەوەستێتەوە، لەبەرامبەریشدا (٣٣) کەس بەرێژەی (١٠,٩) بە "بەڵـێ" وەڵامیان داوەتەوە. مەلا بەختیار دەڵێت: " ئەمرۆ زۆربەی شەرو بیروڕای جیاوازی بەرپرسەکان لە سۆشیاڵ میدیادا کورت دەبێتەوە ولەبری هۆڵی کۆبوونەوەکان و گفتوگۆی باش، دێن لە فەیس بووك بەبەرچاوی هاوڵاتیانەوە قسەکانیان دەکەن و دژی یەکدی دەوەستنەوە، کەئەمەش وا دەکات دوورییەکانی نێوانیان و لێکتێگەشتنیان دوورتر دەخاتەوە" کەدواجار هەندێ لە بەرپرسی حزبەکان ئەندامەکانیان ناچار دەکەن پۆستەکانیان شەیر بکەن و هەڵوێستیان هەبێت. موستەفا عەبدوڵا بەشێوەیەکی دیکە ئەمە باس دەکات و بەخاڵێکی ئەرێنی وەسفی دەکات و دەڵێت: "ئێمە تەنها پشتمان نەبەستووە بە ئەندام پەرلەمانەکانمان کەلەهۆڵێکی داخراو قسەکانیان دەکەن و زۆربەی کات دەسەڵات و بەرپرسەکان گوێیان لێ ناگرن، بۆیە خۆشمان لەئاستی باڵای حزب لە سۆشیاڵ میدیاو فەیس بووك پاڵپشتیان بووین و وەڵاممان هەبووە بۆ بەرپرسان ودەسەڵاتداران و کاریگەری باشمان لەسەر بریارە سیاسییەکان داناوە."کەئەمەش وایکردووە زۆربەی کات هاوڵاتی وەڵامی ئەرێنی

هەبووە و پۆستەکانی شەیرکردووین و لەو ڕێگەیەوە گوزارشتی لەرای خۆی کردووە.

خشتەی ژمارە (٤)

لایکی نەرێنی و دژ بۆ پۆستی بەرپرسانی حکومی

| لایکی نەرێنی و دژ بۆ بەرپرسان | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٥٥ | ٥١,٣ |
| نەخێر | ١٤٧ | ٤٨,٧ |
| کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

لایکی نەرێنی و دژ (بەتایبەت لەرێگەی دانانی ئیمۆجیی گاڵتە ئامێز) بۆ پۆستی بەرپرسانی حکومی، یەکێکی دیکەیە لەو پێوەرانەی کەوا دەتوانین ئاستی بەشداری سیاسی تاکی پێ دیاری بکەین وەك یەکێکی دیکە لە پێوەرەکانی رەفتاری سیاسی تاك کەلەرێگەیەوە تاکی سیاسی گوزارشت لە راو ئازادییەکانی دەکات. رێژەی بەشداریکردنی ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بۆ ئەم پرسیارە زۆر نزیکن لەیەکەوە بەرادەی یەکسان، بەشێوەیەك ئەوانەی بە "بەڵێ" وەڵامیان داوەتەوە کە لەرێگەی لایکی نەرێنی و دژ و ئیمۆجی گاڵتەئامێز سیاسییەکانیان هەراسانکردووە ژمارەیان (١٥٥) کەسە بەرێژەی (٥١,٣)، کەئەمەش ژمارەیەکی زۆرەو نیوە زیاتری کۆی رێژەی سەدی خشتەی ژمارە (٥)ە.

ئەم بابەتە لای سیاسییەکانیش کاریگەری خۆی هەیە، مەلا بەختیار سەرکردەی دیاری یەکێتی نیشتمانی لە وەڵامی پرسیاری توێژینەوەکەدا سەبارەت بەم پرسە دەڵێـت: لایکی دژو نەرێنی دەچێتەچوارچێوەی دەربرینی رای ئازاد، بەڵام هەندێ کۆمێنتی کۆمیدی و گاڵتەئامێزو ئیستفزازکەر، ئیزعاج دەبم پێی و هەندێ کەس کە بزانم سنووریش دەبەزێنن مەجبورم بلۆکیان بکەم...کەواتە دەکرێت لەرێگەی یەك لایکەوە هاوڵاتییەکی ئاسایی کاریگەری لەسەر سەرکردەیەك دابنێت.

ئەوانەشی بە "نەخێر" وەڵامیان داوەتەوە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان ژمارەیان (١٤٧)کەس بەرێژەی (٤٨,٧) کە لەرێگەی لایکی نەرێنی و دژ، وەڵامی بەرپرسە سیاسیەکان نادەنەوە، یاخود بەپێچەنەوە وەك لەخشتەکانی دیکە روونکراوەتەوە، لەبری لایکی نەرێنی لایکی ئەرێنی دەکەن بۆیان و پشتگیریان دەکەن، بەڵام دواجار ئەمەش جۆرێکە لە پشتگیری و چالاکی سیاسی و رەفتارێکی سیاسی دیجیتاڵی.

مەحمود عوسمان، وتەبێژو بەرپرسی راگەیاندن و هونەرو لاوان، لە پارتی دیموکراتی کوردستان لەمبارەوە دەڵێت: هەرچەندە من پێشتر تۆرە کۆمەڵایەتییەکانم زۆر بەکار دەهێنا بەڵام ئێستا بەهۆی پۆستەکەمەوە ئەو چالاکییەم نییە و کەمترین قسەش لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەکەم، بەڵام دواجار کۆمێنت و لایك و ئیمۆجی گاڵتەئامـێزو سوکایەتیش بۆ من دێت و پێی نارەحەت دەبم کە کەسانێك بەو زمانە قسە دەکەن، لەکاتێکدا ناتوانن بەتەواوی گوزارشت لەرای خۆیان بکەن. ئەو وتەبێژەی پارتی ئەوەشی خستەروو: کۆمەڵگا بێ ئەو کەسانە نابێت کە هەمیشە بە ئیستفزازو گاڵتەوە قسە لەگەڵ بەرامبەرەکان دەکەن، بۆیە ئەوەی نەشاردەوە ئەوان لەپارتی ژووری تایبەتیان بۆ

رووبەرووبوونەوەی ئەم حاڵاتانە داناوە. بەڵام ئەوانەی پەیوەندیان بە شەخسییەوە هەیە جۆرێکی دیکە مامەڵە لەگەڵدا دەکات و هەوڵ ئەدات کاریگەری زۆر نەبێت لەسەری.

موستەفا عەبدوڵا دەڵێت:"مرۆڤی سیاسی نابێت ئیستفزازبێت بۆ کۆمێنت و لایکی دژ و رەخنەگرانە، چونکە ئەوە گوزارشتە لەرای بەرامبەرەکان کە هاوڵاتیان، راستە لایکی پاڵپشتی بەرپرسەکان دڵخۆش دەکات، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانن دەبێت پێچەوانەکەشی نیگەرانیان نەکات و بەدوای کۆمێنتەکەدا بچن ئەگەر شایەن بوو چارەسەری بکەین و شایەنیش نەبێت فەرامۆشی بکەن."

خشتەی ژمارە (٥)

لایکی ئەرێنی و پاڵپشتی بۆ پۆستی بەرپرسانی حکومی

| لایکی ئەرێنی و پاڵشتی بۆ بەرپرسان | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵی | ٦٩ | ٢٢,٨ |
| نەخێر | ٢٣٣ | ٧٧,٢ |
| کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

بەپێچەوانەی خشتەی پێشوو، لایکی ئەرێنی و پاڵپشتی (بەتایبەت لەرێگەی دانانی ئیمۆجییەکان) بۆ پۆستی بەرپرسانی حکومی، بەشێکی دیکەیە لە دیاریکردنی پێوەرەکانی رەفتاری سیاسی تاك لەهەرێمی کوردستان لەرێگەی ئەو فۆرمەی کەوا دابەش کراوە بەسەر ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا.میدیای نوێ گۆرانکاری ریشەی هێنایە ئاراوە لە بابەتی پشتگیری کردن لە بەرپرسان، بەتایبەت ئەمە لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان زۆر رەنگی داوەتەوە کە رێگەی لایکی ئەرێنی بۆ پۆست و کۆمێنتی بەرپرسان پشتگیری خۆیان دەردەبرن، بۆنموونە سەرۆکی حکومەت کاتێك پۆستێك دەکات ، لایککردنی بیست هەزار کەس دەرخەری ئەو راستیەیە کە هەزاران کەس پۆستەکەی ئەوی بەدڵ بووە، بەڵام هێشتا ئەوانەی کە پشتگیری ناکەن ژمارەیان زۆر زیاترە بەراورد بەوانەی پشتگیری دەکەن بەمشێوەیە، (٢٣٣) کەس بەنەخێر وەڵامیان داوەتەوە کە نەخێر لەخودی خۆیدا نواندنی چالاکی و رەفتارێکی سیاسییە، هەروەها (٦٩) کەس بەرێژەی (٢٢,٨) بە "بەڵێ" وەڵامیان داوەتەوە.

هەربۆیە سیاسییەکی وەك ستران عەبدوڵا لەمبارەوە دەڵێت: "بەراستی لایك زۆربەی کات گرنگە لام تاکو بزانم چەند کەس بابەتەکەی خوێندۆتەوە، کە لایك یەکێکە لەپێوەرە گرنگەکان ئەمرۆ، بەڵام هەندێ کات لایکیش گرنگ نییە بۆ هەندێ بابەت، بۆ نموونە تۆ بابەتێك داناوە بۆ نوخبەیەکی دیاریکراو بۆیە پێویست ناکات هەموو کەس سەیری بکات و لایکی بکات، چونکە ئەو شتە قورسایی خۆی هەیە و رەنگە بۆ هەموو کەس نەبێت".

وتەبێژەکەی گۆران لەمبارەوە دەڵێت: "من لە پشتگیری و کۆمێنتەکانەوە زۆرتر خۆم دەبینم، راستە رەنگە هەمووی واقعی نەبن، بەڵام دواجار ئەو کۆمێنتە زۆرانەش کە دێن و وەسفت دەکەن، وەك ئاوێنەیەك وایە کە دەبێت حسابی بۆ بکەین، چونکە وەك چۆن کۆمێنتی دژ کاریگەری لەسەرمان هەیە، بەهەمان شێوەش کۆمێنتی پاڵپشتی کاریگەری جدی هەیە لەسەرم."

دەشلێت: "نابێ ئەوەش بشارینەوە، هەندێ کات لە فەیس بووك کۆمێنت دژم هاتووە، بەڵام کاتێك لەراستیدا کەسەکەم بینیوە لە ئامێزی گرتووم و داوای لێبورنی کردووە کە بەهەڵە لێم تێگەشتووە، واتە مەرج نیە هەندێ کات کۆمێنتی دژ لە راستیشدا وابێت چونکە دەبێت ئەوە بزانین کە دەمامێك هەیە لەنێوان ئەو کەسانەی کە میدیای نوێ و سۆشیاڵ میدیا بەکار دەهێنن."

ئارام سەعید لەمبارەوە دەڵێت:"زۆربەی کات پۆپۆلیستەکان، زۆرترین لایك و پۆست و کۆمێنت و پشتگیریان بۆ دێـت، کە ئەمەش خاڵێکی نەرێنییە، و سەرکردە حەقیقی و راستەکان ئەو پشتگیری و دەستخۆشییەیان لەلایەن هاوڵاتییەوە بۆ نایەت، واتە سەرکردە پۆپۆلیستەکان لەجیهاندا بە ترەمپیشەوە ئەوپەری هەوڵیانداوە کەلەرێگەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت تویتەرەوە زۆرترین پشتگیری بەدەست بهێنن و هەر لەمان رێگەشەوە کاریگەری خۆیان دەربخەن"

خشتەی ژمارە (٦)

کۆمێنتی رەخنەگرانە بۆ پۆستی بەرپرسانی حزبی و حکومی

| کۆمێنتی رەخنەگرانە بۆ بەرپرسان | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵی | ١٧٦ | ٥٨,٣ |
| نەخێر | ١٢٦ | ٤١,٧ |
| کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

هەندێ کات هاوڵاتی (تاك) تەنها بە لایك پشتگیری یان دژی بەرپرسانی حکومی رەفتاری سیاسی نانوێنێت بەڵکو دەیکات بە نوسین و بەئاستێکی باڵاتر لەمە گوزارشت لە راو بیروبۆچونی خۆی دەکات، لەچوارچێوەی کۆمێنتێکدا ئەدای دەکات، کە بەپێی خشتەی ئاماژەبۆکراو رێژەیەکی زۆر (٥٨,٣) بە "بەڵێ" وەڵامیان داوەتەوە بەوەی کە کۆمێنتی رەخنەگرانەو توندیان بۆ دەسەڵاتدارا نوسیوە و دواتر کاریگەری خۆی داناوە کە ژمارەیان (١٧٦) کەس دەبێت، هەرئەمەش وا دەکات کە ستران عەبدوڵا سەرکردە لە یەکێتی نیشتمانی لەهەمان کاتدا بەرپرسی دەزگای راگەیاندنی حزبەکە لەچاوپێکەوتنی توێژینەوەکەدا بڵێت: "ئەمرۆ کۆمێنتی رەخنەگرانەو دژ بۆ حزبەکان و دەسەڵاتداران گەشتۆتە ئاستێك کە سیاسییەکان حسابی تایبەتی بۆ بکەن ووەڵامیان هەبێت بۆیان."

هەروەها یوسف محمد سادق سەرۆکی پێشوی پەرلەمان لە چاوپێکەوتنەکەدا بڵـێت:

"هەربەرپرسێکی سیاسی کۆمێنت لە پەیج و ئەکاونتەکەی لادەبات ئەوە جۆرێکە لەراکردن و خۆدزینەوە و ترسان لەدەنگی شەقام و نارازی، ئەو سەرۆکەی پێشووی پەرلەمان ئەوەشی ئاشکرا کرد کە خودی خۆی حساب زۆر بۆ کۆمێنت دەکات و هەندێ کات بەدوای یەك کۆمێنتدا رۆشتووە تاکو بزانێت کێیە؟. ئەگەر شایەن بێت رێزی لێ بگرێت ئەگەر نا بلۆکی بکات."

هەروەها مەلا بەختیاریش لەمبارەوە هەمان رای هەبوو کە هەندێ کات بەدوای یەك کۆمێنتدا رۆشتووە تاکو بزانێت کێیە ئەمەش وایکردووە هەندێ کەسی لەرێی کۆمێنتەوە ناسیوە، بۆیە دەڵێت:

" دەبێت ئەمرۆ دەسەڵات بەتەواوی ئاگاداری ئەوە بێـت کە میدیای نوێ بەپێچەوانەی میدیای

تەقلیدی بەهیچ شێوەیەك كۆنترۆڵ ناكرێت، ئەمە لەكاتێكدا میدیای تەقلیدی خۆی بە كۆنترۆڵكراوی لەدایك بوو، تۆ ناتوانی رێ لە كۆمێنتی رەخنەگرانەو تورەی هاوڵاتیان دژی دەسەڵات بگریت، بۆیە دەبێت دەسەڵات ئەمە زۆر بەجدی لەبەرچاو بگرێت." محمد حەكیم ئەندامی ئەنجومەنی سیاسی كۆمەڵی دادگەری، لەگەڵ موستەفا عەبدولا كەهەردووكیان سەركردەی دوو حزبی ئیسلامین، دان بەو راستییەدا دەنێن كە بەراستی دەبێت ئەمرۆ حزبەكان و دەسەڵاتداران حسابی تەواو بكەن بۆ رای خەڵك كەلەكۆمێنتێكدا رەنگ دەداتەوە و ناكرێت بەهیچ شێوەیەك پشتگوێ بخرێت.

هەربەپێی خشتەكە ئەوانەشی دەنگیان بە نەخێر داوە كە كۆمێنتی رەخنەگرانە و توندیان بۆ دەسەڵاتداران نەنوسیوە ژمارەیان (١٢٦) كەس دەبێت بەرێژەی (٤١,٧)، كە لەبنەرەتدا هەندێكیان پشتگیری دەسەڵات دەكەن و هەندێكی دیكەشیان كۆمێنت نە دژ و نە پاڵپشت نانوسین و دەنگێكی خۆڵەمیشن لەنێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا.

موحسین ئەدیب، كە بەرپرسی بەرێوەبەرایەتییەكە لە وەزارەتی رۆشنبیری و زۆرتر پەیوەندیدارە بە بابەتی سۆشیاڵ میدیا لەبارەی گرنگی كۆمێنت دەڵێت: "ئێمە لەبەرێوەبەرایەتییەكەمان زۆربەی كات كۆمێنت بۆ پۆستەكانی بەرێوەبەرایەتییەكەمان دێت و خەڵكی رەخنەدەكرن لێمان، ئێمەش وەك لایەنی بەرپرس و حكومی بەهەندەوە لە بابەتەكە دەروانین وزۆربەی جار لەسەر بنەمای یەك كۆمێنێت كەرەخنەی جدی گرتووە لێمان، موراجەعەمان كردووە و كاریگەری لەسەر كاروبارو بریارەكانمان داناوە."

"بۆیە ئەو پێشی وایە كە تازە ئێمە ناتوانین كۆمێنت و پۆست كۆنترۆڵ بكەین، تەنانەت ناتوانین مۆڵەتپێدان بەدەزگاكانی نێوسۆشیاڵ كۆنترۆڵ بكەین، بۆیە دەبێت دەسەڵات لەلایەك ئاگاداری بنەما باڵاو بەها باڵاكانی بێت، لەلایەكی دیكە دەبێت ئاگاداری داخوازییەكان بێت بەتایبەت لە سۆشیاڵ میدیا- واتە دەبێت زۆر بەوردی و وریایی هاوسەنگی راگرێت."

لەبارەی ئەو بەرپرسە سیاسی و حكومیانەی كە كۆمێنتیان لابردووە دەڵێت: "ئەو بەرپرسە مافێكی كەسی خۆیەتی، بەڵام ئەوە دەرخەری ئەو راستیەشە كەواتە فەیس بووك لەرێگەی كۆمێنتەوە كاریگەری باشی داناوە لەسەر لایەنی دەروونی بەرپرسەكان، بۆیە ئەوان بەناچاری و هەندێ كات لەترسا كۆمێنتەكان لادەبەن كە رەنگە بەرگەی كۆمێنت نەگرن بۆیە."

خشتەی ژمارە (7)

بەكارهێنانی سۆشیال میدیا و سەرزەنشت كردن لەلایەن بەرپرسانەوە

| لایك و كۆمێنت و سەرزەنشتكردن | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٦١ | ٢٠,٢ |
| نەخێر | ٢٤١ | ٧٩,٨ |
| كۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

لەمیانەی بەكارهێنانی سۆشیاڵ میدیاو پلاتفۆرەكانی، بۆ بابەتی رادەربرین و گوزارشت كردن لە

بیرورا، دەگونجێ کەبەریەککەوتن لەنێوان بەکارهێنەران و دەسەڵاتدا رووبدات، چونکە کاتێك هاوڵاتییەك کۆمێنتێك دژی بەرپرسێك دەنووسێت بەبیانووی ئازادی رادەربرین و رەخنەگرتن له دەسەڵاتداران لەچوارچێوەی بەشداری سیاسی، زۆربەی کات بەرپرسان ئەمە لە ئاسانی وەرناگرن و دواجار بەکارهێنەرەکەی رووبەرووی سەرزەنشت و سزا دەکەنەوە. لە کۆی (٣٠٢) کەس، (٦١) کەس بەرێژەی (٢٠,٢) بە "بەڵێ" وەڵامیان داوەتەوە کە بەهۆی بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان روبەرووی سەرزەنشت و سزا کراونەتەوە، کەئەمەش دواجار ئازادی بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و رادەی گوزارشتکردن لە رای ئازاد بەرتەسك دەبێتەوە. هەروەها لەبەرامبەردا (٢٤١) کەس بەرێژەی (٧٩,٨) وەڵامەکەیان بەپێچەوانەوە "نەخێر" بووە، کە ئەمەش لەلایەکی دیکەوە دەرخەری ئەو راستییە میدیای نوێ بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت.

مەلا بەختیار دەڵێت: "من باش باش دەزانم، یەکێتی و پارتی چاودێری دەکەن، تاکو بزانن کە قسەیەك لەدژیان دەکات سزای بدەن، بەتایبەت بۆ ئەندامەکانی خۆیان، بەپێچەوانەشەوە چاودێری دەکەن بزانن کێ ماستاویان بۆ دەکات ئەوا خەڵاتی دەکەن، جاران ماستاو بوو ئێستا بووە بەرەسماو واتە رەسمی سەرۆکەکەی دادەنێت لەفەیس بووك لەبری ماستاو ئیدی لەلایەن دەسەڵاتدارەکەیەوە خەڵات دەکرێت، کەبەراستی دەبوو ئەم شتە وا نەبوایە"

ستران عەبدوڵا لەمبارەوە دەڵێت: "دەبێت سۆشیاڵ میدیا رێك بخرێت تاکو ئەو کەسانەی کەوا سنوور دەبەزێنن، تۆ بتوانی سەرزەنشتیان بکەیت و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەیت."

### تەوەری دووەم:
### کاریگەری میدیای نوێ لەسەر خۆپیشاندانەکان

میدیای نوێ و بەتایبەت سۆشیاڵ میدیاکەی وەك لەپێشەکی و بەشی تیۆریدا ئاماژەی پێکرا کاریگەری راستەوخۆ دادەنێت لەسەر خۆپیشاندان و گوزارشت کردن لەدەنگ و رەنگی ئازاد، بۆیە لەمیانەی چاوپێکەوتن و راپرسی نێو توێژینەوەکە زۆرتر لەمە باس دەکرێت.

خشتەی ژمارە (٨)

تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی گرووپی چات بۆ دەنگە نارازییەکان

| میدیای نوێ و دەنگی نارازی لە چات | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٩٧ | ٣٢,١ |
| نەخێر | ٢٠٥ | ٦٧,٩ |
| کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

دروستکردنی گروپ چات بۆ گوزارشت کردن لەدەنگە نارازییەکان ئەمرۆ خۆپیشاندان و راپەرینە جەماوەرییەکان و کۆی گشتی بەشداری سیاسی بردۆتە قۆناغێکی نوێ، کەتیایدا لەرێگەی ئەپلیکەیشنەکانی وەك (مەسنجەری فەیس بووك و وەتز ئەپ و ڤایبەر...هتد) گروپ چات دروست

دەکەن کە زۆربەی کات بەسەدا کەس لەیەك گروپدا کۆدەبنەوە ولەوێ گوزارشت لەدەنگ و رەنگیان دەکەن.لەخشتەی (٨) لەکۆی (٣٠٢) فۆرم ، (٩٧) کەس بەرێژەی (٣٢,١) دەنگیان داوە بە "بەڵێ" کەئەمەش ئاماژەیەکی روونە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاو ئامرازەکانی پەیوەندی لەسایەی میدیای نوێ بۆ بەشدارییەکی سیاسی دیجیتاڵی. هەروەها لەبەرامبەردا (٢٠٥) بەرێژەی (٦٧,٩) دەنگیان بە "نەخێر" بووە کە ژمارەیەکی زۆر لە نەخێر وەك لە پرسیارەکانی پێشتردا دەرکەوت لەبنەرەتدا زۆربەیان بەشداری سیاسی ناکەن.

یوسف محمد سادق سەرۆکی پێشووی پەرلەمان لەمبارەوە دەڵێت: "ناتوانین نکوڵێ لەوە بکەین کە سۆشیاڵ میدیا کاریگەری لەسەر دەنگە نارازییەکان نییە و بەتایبەت لەبارەی دروستکردنی گروپ چاتەکان، بەڵام ئەوەش دەبێ بزانین ئەمە دونیایەکی مەجازی دروست دەکات، کە زۆرجار تاك وا دەزانێت لەرێگەی ئەم چالاکییە ئۆن لاینەوە ئیدی ئەدای خۆی جێ بەجێ کردووە، کەئەمەش یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی سۆشیاڵ میدیا."

خشتەی ژمارە (٩)

دروستکردنی تۆرە کۆمەڵاتییەکان بۆ گەیاندنی داخوازییەکان

| میدیای نوێ و دروستکردنی ئەپەکان بۆ گەیاندنی داواکارییەکان | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵی | ٦٥ | ٢١,٥ |
| نەخێر | ٢٣٧ | ٧٨,٥ |
| کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

لەسەرەتادا ئاماژەی پێکرا کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان گۆرانکاری ریشەیان لە بەشداری سیاسی هێنایە کایەوە کە تیایدا تاك لەرێگەی ئۆنلاین دەتوانێ بەشداری زۆرێك لە پرسە سیاسیەکانی کۆمەڵگاکەی بکات، بۆیە گەیاندنی داخوازییە جەماوەرییەکانیش ئەمرۆ بەهەمان شێوە لەسایەی میدیای نوێ گۆڕانکاری ریشەیی دروستکردووە و لەرێگەی دروستکردنی فەیس بووك و تۆرەکانی دیکە تاك دەتوانێ بە پۆست و کۆمێنت گوزارشت لە رای خۆی بکات. بەپێی خشتەی ئاماژە بۆکراوی (٩) کە تیایدا (٦٥) کەس بەرێژەی (٢١,٥) دەنگیان داوە بە "بەڵێ" کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکانیان تەنها دروستکردووە بۆ گەیاندنی داخوازییەکانیان، بەڵام لەبەرامبەردا (٢٣٧) بەرێژەی (٧٨,٥) وەڵامەکیان "نەخێر" بووە، واتە سەرەرای ئەوەی کە خاوەنی یەکێك لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیان بەڵام بەکاری ناهێنن بۆ بابەتە سیاسییەکان و گەیاندنی داواکارییەکان.

(موحسین ئەدیب)، دڵخۆش نەبوو لەمبارەوە کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ببێت بە گەیاندنی سەکۆیەك بۆ داواکاری جەماوەری، کە ئەمەش هەمان رای وتەبێژەکەی گۆران بوو، دلێر عەبدولخالق کە دەڵێت: هاوڵاتیان بە گوزارشت کردن لەدەنگ و نارەزایەتییەکان و گەیاندنی بەدەسەڵات، هەستێکی لا درووست بووە کە تەواو ئەرکەکەی بەجێ گەیاندووە، بەڵام لەراستیدا مەرج نیە هەموو

کاتێك گەیاندنی داخوازییەکان لەڕێگەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە کاریگەری تەواوی هەبێت. بەڵکو سەرەرای دانانی کاریگەری لەسەر دەسەڵات دواجار پێویست دەکات بەشێوەی حەقیقی لەسەر شەقام ئەدای ئەم واجبە بکرێت...یوسف محمد سادقیش دەڵێت:" زۆرجار لەکاتی گەیاندنی داخوازییەکان کێشە دروست دەبێت، چونکە زۆربەی کات تاك لەسۆشیاڵ میدیا سەرقاڵ دەبێت بەهەندێ شتی لاوەکی، کە ئەمەش لابردنی سەرنجە لەسەر بابەتە بنەرەتییەکات، دەسەڵاتیش دواجار ئەمەی دەوێت، بۆیە دەکرێـت ئەم کاریگەرییە هەندێ کات زۆر رۆڵی نەبێت لەسەر دەسەڵات"

خشتەی ژمارە (١٠)

پۆست و کۆمێنتت لە فەیس بووک دژی گەندەڵی و خزمەتگوزارییەکان

| پۆست و کۆمێنت دژی گەندەڵی | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢١٥ | ٧١,٢ |
| نەخێر | ٨٧ | ٢٨,٨ |
| کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارەی (١٠) بەشداربووانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەراشکاوی و ئاستێکی بەرزی تێگەشتن، ئەو وەڵامەیان داوەتەوە کە هاوڵاتی لەرێی پۆست و کۆمێنتەوە، دژی گەندەڵی و پرسەکانی نەبوونی خزمەتگوزاری دەوەستنەوە، کەئەمەش لەلایەك نیشاندەری ئەوپەری کاریگەری میدیای نوی و پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیایە لەسەر رەفتاری سیاسی، چونکە لەم ڕێگەیەوە تاك بەشدارییەکی سیاسی جدی دەکات وەك پێوەرێکی رەفتاری سیاسی، لەلایەکی دیکەشەوە، یەکێك لە ئارگۆمنێتەکانی تێزەکە کە بەدرێژایی تەوەرەکان باس لەکاریگەری میدیای نوێ دەکات.

(٢١٥) بە "بەڵێ" وەڵامیان داوەتەوە کە بەرێژەی (٧١,٢) کەئەمەش ڕێژەیەکی زۆرەو و دەرخەری ئەو راستیەیە کە هاوڵاتی لەڕێگەی میدیای نوێ کاریگەری خۆی لەسەر دەسەڵات دادەنێت، لەبەرامبەریشدا (٨٧) کەس بەرێژەی (٢٨,٨) وەڵامیان بە "نەخێر" داوەتەوە.

لەبارەی کاریگەری لایك و کۆمێنت لەتۆرە کۆمەڵایەتییەکان سیاسییەکان رای جیاوازیان هەبوو لەسەر ئەم تەوەرەیە، لەمبارەوە مەلا بەختیار دەڵێت:" من حسابی تەواو بۆ کۆمێنت دەکەم، چونکە بەبەشێك لە رای گشتی دەزانم، و پێم وایە لەبەر ئەوەی من رۆشنگەری بڵاو دەکەمەوە و کار لەسەر هۆشیاری سیاسی خەڵك دەکەم، دەبێت جسابی تەواو بۆ کۆمێنت وسەرنجەکانیان بکەم، و ٢٤ سەعات هەوڵمداوە وەڵامی زۆربەی کۆمێنتەکان بدەمەوە وزۆربەشیان دەکەم بەدۆستی خۆم، هیچ شتێك نەشارمەوە، بەڵام هەندێ کات هەندێ کۆمێنتم پێ خراپەو وەڵامی نادەمەوە." دەشلێت: "زۆربەی کات هەندێ کات کۆمێنتەکە هێندە جدی و کاریگەر بووە، رای گۆڕیوم دەربارەی شتێك، یاخود دەربارەی هەندێ بابەت کە رای خۆمم هەبووە لەسەری و زۆربەی کات کۆمێنت هێندە گرنگە لام ٥٠٠ کۆمێنتم سەیرکردووە"ئەو پێی وایە لایك و کۆمێنت رای گشتییە و رای راستی و

حەقیقی خەڵکە، بۆیە شتێکی مام جەلال دەگێڕێتەوە و دەڵێت:" مام جەلال پێی دەوتین بزانن خەڵك لە شەقام چ چیرۆك و نوکتەیەك لەبارەی منەوە باس دەکات و دەگێڕێتەوە کەئەمەشی لە جەمال عەبدولناسرەوە وەرگرتبوو، چونکە پێی وابوو لە نوکتەو چیرۆکەوە رای راستگۆیانە و حەقیقی خەڵکت لەبارەی دەسەڵاتدارەوە بۆ دەردەکەوێت، بۆیە من پێم وایە رای راستگۆیانە و درووست ئەمرۆ لە کۆمێنتدا زۆر دەردەکەوێت و بۆیە دەیلێمەوە من زۆر گرنگە لام.."

خشتەی ژمارە (١١)

پۆست و کۆمێنتی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، بەشداری خۆپیشاندان و گردبوونەوەو نارەزایەتییەکان

| سۆشیاڵ میدیاو خۆپیشاندنەکان | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٢٠ | ٣٩,٧ |
| نەخێر | ١٨٢ | ٦٠,٣ |
| کۆ | ٣٠٢ | ١٠٠ |

یـەکێکی دیکە لە روخسارە دیارەکانی بەشداری سیاسی تاك، خۆپیشاندان و گردبوونەوە و نارەزایەتییەکانە، کە پێوەرێکی سەرەکییە بۆ دیاریکردنی رەفتاری تاك، لەخشتەی ژمارە (١١) وەڵامی ئەو پرسیارە دراوەتەوە کە تاك لەرێگەی پۆست و کۆمێنتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەشداری لە خۆپیشاندن و گردبوونەوە نارەزایەتییەکان دەکات کە ژمارەیان (١٢٠) کەس بووە بەرێژەی (٣٩,٧) بەڵام لەبەرامبەردا (١٨٢) کەس بەرێژەی (٦٠,٣)، وەڵامەکان نەخێر بووە. هەرچەندە هەردوو ژمارەکە زۆر دوور نین لەیەك بەڵام دواجار ژمارەی ئەو کەسانەی کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان وەك مەیدانی ئازادی سەیر دەکەن ژمارەیان زۆر زۆرە، بەڵام ئەمەش رەخنەی لێ دەگیرێت و ئەوکەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە بۆ توێژینەوەکە، رای جیاوازیان هەیە

لەمبارەوە موحسین ئەدیب دەڵێت:" هەڵەیە ئەگەر وابزانین سۆشیاڵ میدیا دونیایەکی مەجازییەو دوورە لە واقعەوە کە هەندێك پێیان وایە، چونکە بەرژانە ناو سۆشیاڵ میدیا لەلایەن خەڵکەوە لەبارەی کەیسێکی دیاریکراو هەروەك ئەوە وایە هاوڵاتی برژێتە شەقامەکانەوە، کە هەمان کاریگەری هەیە، بۆ نموونە یاسای توندوتیژی خێزانی، کە بەبێ ئەوەی یەك کەس بەواقعی بێتە شەقام، تەنها لەلایەن دەنگی نارازی خەڵکەوە لە سۆشیاڵ میدیا بابەتەکەی لەیەن دەسەڵات و لەپەرلەمان راگرت.

## دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

دەرەنجامی توێژینەکە، توێژەر گەشتووە بەچەند ئەنجامێک، کە لەم خاڵانەی خوارەوە هاتووە:

١- میدیای نوێ ئەمڕۆ بەتەواو کاریگەر لەسەر کۆمەڵگەی کوردی داناوە بەشێوەیەك کە ڕەفتارو ئاراستەی سیاسی تاکەکان ڕەنگرێژ دەکات.

٢- هەرچەندە هێشتا هەندێ لە کەناڵەکانی میدیای تەقلیدی ماون و لەناو نەچوون، بەڵام کاریگەریان زۆر لاوازە بەراورد بە کەناڵەکانی میدیای نوێ بەتایبەت تۆرە کۆمەڵایەتییەکان.

٣- لەسایەی میدیای نوێ و پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیاـ هاوڵاتی زۆرترو باشتر و ئاسانتر بەشداری کایەی سیاسی دەکات بەتایبەت گردبوونەوە و خۆپیشاندانەکان، تەنانەت هەندێ کات لەمیانەی دیموکراسی دیجیتاڵی وەك لەپێشتردا باسمان کرد، هاوڵاتی دەتوانێ بەشداری لە بڕیارە سیاسییەکاندا دەکات.

٤- سۆشیاڵ میدیا خوڵقێنەری شۆڕش و ڕاپەڕین و دەنگە نارەزایەتییەکان و گروپەکانی فشارو زیندویەتی بەهێزکردنی بنەماکانی دیموکراسییە.

٥- میدیای نوێ دەبێتە هۆی هوشیاری سیاسی تاك کەدواجار گۆڕانکاری ڕیشەی لە ڕەفتارو ڕەفتاری سیاسیدا تاکدا ڕوو دەدات.

٦- دەرەنجامی ڕاپرسی توێژینەوەکە ئەوە دەردەکەوێت کە هاوڵاتی باوەڕی تەواوی بەوە هەیە کە لەلایەك میدیای نوێ کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاك دادەنێت لەلایەکی دیکەش تاك دەتوانێ لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە کاریگەری لەسەر دەسەڵات و بڕیارەکانی دروست بکات.

٧- دەرەنجامی چاوپێکەوتنەکان ئەو دەرەنجامە دەردەکەوێت کە سیاسی و کەسایەتییەکانیش وەك هاوڵاتیان بارگراوی بوون بە سۆشیاڵ میدیا و کاریگەری میدیا ڕاستەوخۆ لەسەریان دەرکەوتووە.

٨- بەگشتی سۆشیاڵ میدیا بۆتە هۆکاری ئەوەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر خۆپیشاندان و گردبوونەوە جەماوەرییەکان دابنێت، بەشێوەیەك کە زۆرجار لەڕێگەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیاوە گەورەترین خۆپیشاندانی جەماوەری ئەنجام دراوە.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

1ـ ئەبوبەکر، هەڤاڵ (٢٠٠٢)، (راگەیاندن و راگەیاندنی کوردی، سلێمانی، چاپخانەی و ئۆفیسی تیشك)
2ـ تاڵەبانی، ڕێبەر گۆران، رێشاوی، یەحیا عومەر (٢٠٢٠) (میدیای نوێ لەسایەی شۆرشی زانیارییەکاندا، تۆری ئەکادیمیاو دیالۆگی میدیا)
3ـ عەبدوڵا، کاروان (٢٠٢٠) میدیاو کاریگەری لەسەر رەفتاری سیاسی، وتاری رۆژنامەوانی، هەولێر: ـ لەسەر ماڵپەری: http://www.rozhnamawany.com/?p=2913
4ـ سەعید، نەزاکەت حسێن (٢٠١٩) (سۆسیۆلۆژیای راگەیاندن، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی)
5ـ سالح، بەرهەم خالد أحمد(٢٠٢١) (رۆڵی میدیای نوێ لە پرۆسەی دروستکردنی بریاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا) تێزێکە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە.
6ـ وەلەدبەگی، ئازاد (٢٠١٧) ئازادی خۆپیشاندان لە نێوان یاساو پراکتیکدا ،وەرگیراوە لە سایتی penus.krd
7ـ عبدالله، هێمن محمد (ساڵ نیە) (کاریگەری سۆشیاڵ میدیا لە گەشەدان بە پەیوەندی گشتی لە کۆمپانیاکانی تێلۆکۆنیکەیشندا)
8ـ رۆکیتچ، ملڤین ل .دیفلیر، ساندرا بۆڵ (٢٠٢١) (وەرگێرانی: سەنگەر حاجی، تیۆرەکانی راگەیاندن، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، خانی ، دهۆك)

### دووەم: عەرەبییەکان:

1ـ الاسود، الدكتور صادق (١٩٩٠) (علم الاجتماع السياسي أسسه و أبعاده)
2ـ حمه علي، مهدي أبوبكر(٢٠٢١) (دور القيم في تكوين السلوك السياسي، دراسة تحليلية في ماهية العلاقة الانعكاسية بين الدين والسياسة)
3ـ كافي، مصطفى يوسف (٢٠١٦) (الاعلام و التنمية، دار وائيل للنشر والتوزيع، الطبعة الأول).
4ـ المشاقبة، بسام عبدالرحمن (٢٠١١) (نظريات الإعلام، دار أسافة، الاردن ـ عمان، الطبعة الاولى)
5ـ موسى،محمد ابراهيم (٢٠١٥) (بحث مقدم لنيل درجة الماجستير بعنوان: دور االعالم الجديد في تشكيل الرأي العام دراسة وصفية تحليلية علي عينة من طالب الجامعات السودانية) في الفترة من ٢١١٢ -٢١١١م (،جمهورية السودان جامعة ام درمان االسالمية معهد بحوث دراسات العالم االسالمي) مارس)
3ـ نوشي، د.زينة سعد ـ مصطاف، عادل عبدلرزاق (٢٠١٨) (استخدامات وسائل الإعلام الرقمي وتأثيرها على بناء المنظومة القيمية للمجتمع العراقي، مجلة الباحث الإعلامي، مجلد (١٠) العدد (٤٢) كانون الأول).
7ـ العطية، فوزية (١٩٩٢) (المدخل الى دراسة علم النفس الاجتماعي، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد)

8 ـ عبدالهادي، محمد (٢٠٠٥) (علم النفس الاجتماعي، دار العلوم العربية، بيروت)
9 ـ الأسطل، كمال محمد (٢٠١٢) (السلوك السياسي والمفاهيم السلوكية،) على الرابط الكتروني
http://k-astal.com/index.php?action=detail&id=254
10ـ دايش، جاسم محمد (٢٠١٨) (ماهية السلوك السياسي، الحوار المتمدن، العدد : على الموقع التالى:
https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=603599
11ـ حسونة، نسرين (٢٠١٥) (نظريات الاعلام والاتصال، شبكة الالوكة، على ربط الالكتروني التالي
file:///C:/Users/Click/Downloads/ealam.pdf
12ـ العاني، مزهرحارق عبود(٢٠١٥)(الإعلام والهجرة الى العصر الرقمي، عمان ـ دار و مكتبة الحامد للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى)
13ـ الزبيدي، منذر صالح جاسم (٢٠١٣) (دور وسائل الاعلام في صنع القرار السياسي، دار حامد للنشر والتوزيع، الاردن، عمان، الطبعة الاول)
14ـ مقاوسي، ـربيحة نبار(٢٠٢٠) (جدلية العلاقة بين الإعلام التقليدي والإعلام الجديد) مقال نشر : مجلة جيل العلوم الانسانية والاجتماعية العدد ٦٨)
15ـ مصطفى، رفعت محمد(٢٠١٨)(الرأي العام في الواقع الافتراضي وقوة التعبئة الافتراضية، العربي للنشر و التوزيع)
16ـ البصراتي، محمد نور السيد (٢٠١٤) على دور الاعلام جديد في تعزيز المشاركة السياسية، (مصر نموذجا)مجلة علوم الإنسان والمجتمع: : على الرابط الكتروني :
https://www.asjp.cerist.dz/en/article/48285

**سەرچاوە فارسییەکان:**

1 ـ شکرخواه، یونس (١٣٨٨) (روزنامەنگاری سایبر، چاپخانە و لیتوگرافی کانون، تهران)

سێیەم: بیانییەکان

1ـ Martin Lister. (2003)the others) New Media: a critical introductionـ Second Edition. london and new work.
2- Darwin's Disciples.) July 17, 2012)What Is “Behavior” Anyway?What do animal behaviorists mean by the word “behavior”.
3- Smidi, Adam, and Saif Shahin. (2017)"Social media and social Mobilisation in the Middle East: A survey of research on the Arab spring." India Quarterly 73.2 pp196-209.